ڕێناس نەورۆزی

# بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کوردستان



2011

رێناس نەورۆزی

# بیبلۆگرافیای رۆژنامەوانیی ژنانی کوردستان

بەراهی:

سەرفراز نەقشبەندی

بەلجیکا ________________________ 2011

ناوی پەرتووک: بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنانی کوردستان
نووسەر: ڕێناس نەورۆزی
بەراهی: سەرفراز نەقشبەندی
چاپی یەکەم: 2002 ( لەسەر ئینتەرنێت )
چاپی دووەم: 2011

© Newrozi 2011

هەموو مافێکی ئەم پەرتووکە پارێزراوە بۆ نووسەر

پێشکەشە:

- بە مامۆستای یەکەمینم، دایکی خۆشەویستم
- بە ژنە ڕۆژنامەوانە شەهیدەکانی کوردستان..!
- بە هەموو ژنە ڕۆژنامەوان و خاوەن پێنووسە بەهەڵوێستەکان....!

# بەراهی

قەلیسا دوکمەنتاریێ دناڤا مە کوردا، یەك ژ ئەگەرێن نەبەرهێنان و نەرێزلێنانا دیروکا مە، ژ کەڤندا ئەم کورد دڤی کاریدا باهێلە و بەلنگاز بۆینە.
دڤی واری دا دپەرتووکا ئیمپراتوریەتا ماد دا، نڤیسکارێ پەرتوکێ (ئەیهانێ بەراتی) دبێ: ژبلی چەند کەڤرەکێن نەخشکری و هندەك پەیکەرێن ل شوینوارا ماین، مللەتێ ماد دیروکا خوە وەك پێدڤی دوکمەنت نەکریە، بەلگە و نڤیس لسەر ڤێ ئیمپراتویا مەزن نەهاتنە دارِشتن، پرِانیا زانیاریا لسەر ڤێ ئیمپراتوریێ ژ نڤیسێن ئاشوریا و بابلیا هاتینە دیتن کو وان دناڤ تومارکرنا دیروکا خوەدا باسێ گەلێ ماد کریە، ژ پەیوەندێ و شەرِ و پێکدادانا خوە دگەل ئیمپراتوریا ماد خەبەر دایە، ئەڤ نڤیسێن لسەر کەڤرا هاتین نەخشکردن ل موزاخانا بریتانیا دهێن پاراستن.
نڤیسکارێ ڤێ پەرتووکی د سیمنەرەکی داکو ل بەرلینێ هات سازکرن، لسەر پەرتووکێ ئاخڤی و ئەڤ کێماسیە خستە رۆ، ئەوی دوو ئەگەر ژ بۆ قەلیسا ڤێ تومارکرنێ هزراندبۆن، یەك ژوان باهێلە و پیتە پێ نەدانا گەلێ ماد بۆ، یا دوویێ ڤەگەراند بۆ تێکهەلبونا میرنیشینا ماد و میرنشینا فارس، پاش کو فارسا ئولێ زەردەشتی پەیرِەو کری و کریە ئولێ فەرمی یێ میرگەهێ، ئەوان دگەل میرنشینا ماد هەڤگرتن و ئێکبۆنەکا لەشکەری چێکر و بۆ دەمەکێ گەلەك درێژ حوکمرانی ب هەڤرا رێڤەبر، دڤی دەمی دا چەند میرێن فارس بدووف هەڤ ئەڤ ئیمپراتوریەتە رێڤەبر، وە هەیە وان بەلگە دوکمەنتێن لسەر گەلێ ماد هاتینە تومارکرن لناڤ بربن.
ئەم ژی دبێژین ئەڤ هەردوو ئەگەرە دهێن پەژراندن و ئەگەرەکا دی ئەم ددەین پال ئەو ژی ل ناڤ ئیمپراتوریا فارسا بەگشتی لەسەر دەستێ ئەسکەندەرێ دوو شاخ کو تەلاڤ تەلار و پرسگە و نڤیس کمباخ کرن وە هەیە بەلگە و دوکمەنتێن مادا ژی پێرا بین شوینوار.
ئەز نە دیروکناسم کو ب پروفیسیونال مەسەلا میرگەها شرِوڤە بکەم، لێ تەنێ مەبەست ئەوە کو ئەم نەبوونا پاشماییێن وێ بێخین رۆ و ببێژین کو هەکە ئەو شوینوار هەبانا دا کارێ لێکولەرا گەلەك ب ساناهیتر بیت و هندە کەد نە دکێشا کو ب

سلەمینن کانێ کورد ژ ڤەرێژا مادن ئان نە.
راستیا هەرا مەزن د نە تومارکرنا دیروکا کوردا دا، نە تەناهی و شەڕێن بەردەوام ل وەلاتێ وان، بەلنگازی و نەخویندەواری و مشتەخکرن ئەگەر بۆن ژ بۆ ڤێ پاشڤە مانێ، لێ دیسا د دەرفەتێن دستهەل ژی وان ب باشی کلتور و دیروکەك نە نڤیسینە، گەلەك جارا ژی کەس هەبۆنە خەمخورێن ڤی کاری بۆنە لێ دیسا ئەو بەلگە نەهاتینە پاراستن، هند جار لسەر دەستێ دوژمانا هاتینە تونەکرن و هند جارژی ژ بەر نەزانینا بهایێ وان هاتینە باهێلەکرن.
د چاخێن بوری دا پڕانیا بەلگە و هایداری لسەر رەوشت و کلتوور و زمان و خێل و تورە و باژێرێن کوردا لسەر دەستێ رۆژهەلاتناسا هاتینە تومارکردن. کن و زەلال ئەز دبێژم، هەبونا مە ژ وێ خالێ دەست پێ دکەت ئەوا ئەم د تەڤ وارێن ژیانێدا بنڤیسکی ژ خوە خەبەر بدەین و تومار بکەین.نهە دڤی چاخێ نودا رەوش رەنگەکێ دیە، تەکنولوژیا بەرفرەه بۆیە و دەرفەت هەنە کو کورد دەستهەل بن د وارێ تومارکردنێ دا. دڤی کاری دا ئەم پێدڤی خەبەتەکا بەردەوامین د هەمی وارادا، ژبەر کو ئەم گەلەك ل پاش ماینە، هێژ کلتوورێ مەیێ کەڤن و فلکلورێ مە پێتر ژ نیڤا وی نەهاتنە تومارکرن، ئەڤە ژبلی کتورێ نوی یێ ڤی چاخی، چەند سالەك پێڤەدچی هەر بار گرانتر دبی ژبەر کو بابەت و لینکێن دن دکەڤنە رۆژەڤێدا.
هەر کەسێ بکاری د دەرەفەتەکێ دا لگور زانا بۆنا خوە مستەکا بەلگە و روودانا ژی تومار بکەت دێ خزمەتەکا باش بۆ گەلێ خوە کەت، دەرگەهی بۆ ڤەکولەرا ڤەکەت دا کو لێکۆلینێن زانستی لسەر گەلێ مە وەرن ئامادەکرن و بکەڤنە د رۆژەڤا جیهانێ دا.
هەر لسەر ڤێ رێبازێ ئەڤ پەرتووکا لبەر دەستێ مە کو بریتیە ژ تومار کرنا رولێ ژنێ د روژنامەڤانیا کوردی دا، کو ژ لایێ نڤیسکار (رێناس نەورۆزی) هاتیە ئامادە کرن، کارەکی بهادارە و رێباز کرنەکا تازەیە و بەری نهە کەس خەمخورێ ڤێ بابەتی نەبۆیە.
کەس هەبۆن کو ب گشتی لسەر روژنامەڤانیا کوردی نڤیسیە، و هەبۆنە و بیبلۆگرافی ژ روژنامەیێن کوردی ڕا ئامادە کرینە، لێ رولێ ژنێ د روژنامەڤانیێ دا نە هاتیە تومارکرن. وە هەیا ئەگەر نەتومارکرنا رولێ ژنا د روژنامەڤانییێدا ژبەر ژێێ وی یێ کن

بيت، ئان ژبەر كو ژنا ب خوە پويتە ب ڤێ تومار كرنێ نەدايە و زەلاما ژی ب كارێ خوە نەزانی يە. هەر چاوا بی و ئەگەر چ بن، رێناس نەورۆزی دەستپێشخەری كر و ئەڤ كارە ئەنجامدا، كارێ وی ژ هەژی رێزلێگرتنێ يە ژ هەمی لايەڤە ب تايبەت ژ لايێ ژناڤە ب گشتی و ژ رێكخراوێن ژناڤە ب تايبەتی.

تشتێ دی يێ دلخوشكەر دڤێ پەرتوكێ دا ئەوە كو نڤيسكاری ب شێوازەكێ زانستی كارێ خوە ئەنجامدايە دور ژ باندۆرێن سياسی و حزبی، كو گەلەك جار دبنە ئەگەر ژبۆ نە زانستيا دوكمەنت كاريێ، نەتەنێ لسەر ئاستێ روژنامەڤانيێ لێ د تومارکرنا هەمی بوارێن دن ژی، منيا چيرۆك، رمان، شانو، هەيا هوزان و موسيك ژی. پرِ جارا توماركارا كەتينە بن باندۆرێ لايەن و رێكخراوێن سياسی و ئەڤ توماركرنە ب كێماسی دەركەفتنە و كەسانێن خودی رول هاتينە باهێلە كرن، ئەڤی هەلویستێ نەزانستنی چەند مافێ كەسانێن خودی رول هاتنە باهێلە كرن، ئەڤی هەلۆیستێ نەزانستی چەند مافێ كەسانێن بەهرەدار پەرچقاندبی دوو جارا تەمەت وێ نەزانستيا توماركاری هاتيە بەرچاڤ، تومارکرنا وی وەك خزمەتەك نەتەوی ژی خزمەتەكا لەنگ و گروج بۆيە.

ئەز باوەرِم پێ نەڤێ ئەز پەل و بەرپەرِێن پەرتوكا رێناس نەورۆزی بينم زمان، ژ بەر كو لبەردەستێ وەيە و گەلەك زەلالە و دەم دەم ڤێدا هاتيە و مينا كەسايەتيەكا ئازاد هەلويست كريە و مافێ كەسەكی نە قرمچاندە. مينا تەڤ نڤيسێن رێناس نەورۆزی يێن من ديتن، هەر ژ دەمێ دەستپێكا وی يا نڤيسينێ دەمێ بۆ روژنامە وەلات دنڤيسی، ب گيانەكێ وەلاتپارێزی و هەداری و هويركاری نێزيكە كارێ خوە دبی، كن و زەلال ڤێدا هاتيە و پەرتووك هەر وەك رێباز و شێواز ژی مروڤ خوەش ڤێدا تێ، ژ لايێ زمان ڤە ناكەڤيت ئاستەنگا.

نڤيسكار گەلەك ب پەرتوكێ ڤە مژيول بويە و رۆژ و سالێن رۆژناما و ژمارێن وان و كەسانێن تێدا كار كری و كانێ جورێ رۆژنامە چيە، سياسيە، سەربخوەیە، حزبی يە، بێ لايەنە، لێ پا (لگور زانينا من هەيا نهە روژنامەڤانيا بێ لايەن ل كوردستانێ نەهاتيە بەری، مە هێژ ئەو خويندەڤان نينە كو هەر رۆژ مينا نانی رۆژنامێ بكری، هەروەسا هند ركلام ژی نينن كو مەزاخا رۆژنامێ بگرن سەر خوە). لێ كا ب چ دروشمی

دەرخستيە وەك چ شێواز ل قەلەم دايە و چ بابەت تێدا هاتينە ئافراندن، ئەڤ لايەنە هەمى نڤيسكارى داينە بەرخوە و تێدا سەركەفتى بۆيە.

ل ڤێرە، يا ژ هەژى گوتن ئەو بابەتە يێ نڤيسكارى هەلبژاتى، ژن د رۆژنامەڤانيا كوردى دا، نە هنێر بۆ هەكە ژنەكێ ئەڤ بابەتە هەلبژارتبا، لێ دەمێ زەلامەك ڤى بابەتى ڤە مژويل دبى، رەسەنى و ئاستێ روناكبيريا وى تێ پيڤان و خويا دبى كو ئەو وەك كەسەكێ رەوشەنبير ب پراكتيك مافێ ژنێ و يەكسانيا وێ د پەژرينى و كەسايەتيەكا ئازادە و قوناخا زەلام سالاريێ دەرباز كريە، ئەڤە ژى گەشبينيە كو وەلاتێ مە بەرەو پێش پێنگاڤا دنێ.

ڤێ تۆماركرنێ مفايەكێ مەزن تێدايە، ژبۆ لێكولينەرا، هەر د وارێ روژنامەڤانيێ دا و هەروەسا لێكولينێن لسەر ژنا دهێن ئەنجامدان، رێ ل بەر وان ڤەدبى. ژبەر تەكنەلوژيا پێشكەفتى و گلوبالزمێ، نهە جيهان بچوك بۆيە و كورد دكارن بەرهەمێن خوە كلتور و ديروكا خوە بگەهنن تەڤ دونياێ و مينا گەلەكێ زێندى ب كەڤن ناڤ رۆژەڤا جيهانێ، پروپاگندێن دوژمن و نەيارا ڤالا دەرخن.

ل داوى ئەز دەستخوەشيێ ل نڤيسكارى دكەم و هيڤى دكەم بەردەوام قەلەمێ وى پر زاخ بى ژ بۆ خزمەتا گەلێ وى.

**سەرفراز نەقشبەندى**

**بەرلين** - 2010

# دەروازە

گەریدە و گەشتیارە ڕۆژئاواییەکان لە سەدەکانی دوازدە بەدوا بە تایبەتیش لە سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم، لە یاداشت و نووسراوەکانیان ئاماژەیان بە ڕۆڵ و ئازایەتی و سوارچاکی و لە خۆبردوویی ژنانی کورد کردووە. لە چاپکراوەکانیاندا تابلۆی کچان و ژنانی کوردستانیان کێشاوە و رووخساری جوانی و ئازایەتی ژنانی کوردیان نیشانداوە. نووسەرە ڕۆژئاواییەکان یەکەمین کەسانێکن کە لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیاندا وتاریان سەبارەت بە ژنانی کورد نووسیووە.

لە ناو کوردیشدا شەرەفخانی بێدلیسی لە کتێبی (شەرەفنامە)و ئەحمەدی خانی لە داستانی (مەم وزین) و چەندانیتر ئاماژەیان بە ڕۆڵی ژنانی کورد کردووە لە ناو پایەکانی دەسەڵات و میرنشینە کوردییەکاندا. لە سەدەی نۆزدە (مەستورە خانمی ئەردەلانی 1805-1847) وەك هەڵبەستوان و یەکەم ژنە مێژوونووسی کورد ڕۆڵی دیاری خۆی نیشانداوە. هەروەها (میهرەبان خاتوون 1858-1905)یش ژنە هەڵبەستوانێکی دیاری سەردەمی خۆی بووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەم هەوڵی زیاتر دەرکەوتنە روو، کەسایەتییەکانی وەك ڕەفعەت مەولانا زادە، دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت و بەدرخانییەکان و چەندانیتر ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە پشتیگریکردنی مافەکانی ژنان بەتایبەتیش ڕۆڵی ڕووناکبیری کورد (ڕەفعەت مەولانا زادە) کە لە دامەزراندنی ڕۆژنامەی (کادینلەر دنیاسی = جیهانی ژنان) هاوکاری (نوورییە علوییە مەولان)ی هاوسەری کردووە. دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت و ئیسحاق سکوتیش یەکەم خوێندنگای تێکەڵاوی کچ و کوڕانیان لە کوردستان لە شاری مازرا (ئالازیخ) دامەزراندووە. هەروەها بەدرخانییەکانیش ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان هابووە لە بەشداریکردنی ژنان لە ناو تێکۆشان و لایەنەکانیتری ژیان. (لەیلا بەدرخان 1908-1986) یەکێکە لە ژنە ناسراوەکانی بەدرخانییەکان، کە لە ناو کورددا وەك یەکەم ژنە هونەرمەند دەرکەوتۆتە ڕوو، لەیلا بەدرخان بە شازادەی کوردستان دەناسرا و یەکێك بوو لە ژنە هەر

بەناوبانگـەکانی هونـەری سـەمای بـالێ لـە نیـوەی یەکـەمی سـەدەی بیسـتەم. هەروەها (ڕەوشەن بەدرخان 1909-1992)ی خێزانی جەلادەت بەدرخان بە یەکەم ژنـە ڕۆژنامەوانی کورد دەناسرێت کە شانبەشانی هاوسەرەکەی بەشدارییەکی چالاك و کارای هەبووە لە ئامادەکردن و دەرخستنی (گۆڤاری هاوار 1932-1945).

هەنگاو بە هەنگاو لەگـەڵ هـەر شـۆڕش و ڕاپـەڕینێکی کـوردیش ژنـان ڕۆڵ و شـوێن و کاریگەرییان ئەگەر کەمیش بووبێت لـە هـەموو بوارەکـانی رامیـاری و کۆمەلایـەتی و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و ئابووری ولاتدا نیشانداوە و جێ پەنجە و هەوڵەکانیان کردۆتـە مۆرێك بە مێژووی گەلەکەیانەوە. لە بواری ڕۆژنامەوانیشدا گـەلێك ژنـی تێکۆشـەر لـە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم هاتوونەتە گۆڕەپان نمونەی هـەرە بەرچـاویان ڕەحمـەخانی کچـی پیرەمێـرد-ی هەڵبەسـتوان، کـە دوای کۆچـی دوایـی بـاوکی لەسـاڵی 1950، ئەگەرچی ڕۆژنامەوان نەبووە، بـەلام بـۆ خـۆی ئیمتیـازی ڕۆژنامـەی (ژیـن)ی وەرگرتـووە. لە کۆتایی ساڵەکانی 1950شدا چەندان ژنی هەڵبەسـتوان و خـاوەن پێنـووس وەك ئەندامانی دەستەی نووسەرانی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سـالانی پـەنجاکان نمونەیـەکی بەرچـاون و ڕۆژ بـە ڕۆژ لەگـەڵ گۆڕانکـاری و پێشـکەوتنەکانی کوردسـتان، پێنووسـی ژنانیش بەردەوام ڕووی لە زیادبوون کردووە، کە ئەمڕۆکە لە ژمـارە نایـەن و، نووسـەر و ڕۆژنامەوانە ژنەکانی کورد ئەمڕۆ پێنووسەکانیان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئاستی گفتوگـۆ و گۆڕانکارییـە سیاسـییە ڕۆژانییـەکان کـردووە. ئـەم ژنانـە بـە پێنـووس و چالاکیەکانیان هەبوون و ئازادی خۆیان سەلماندووە. بەتایبـەتیش لـەم سـالانەی دواییـدا دەرخستنی چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوەی سیاسی و کۆمەلایـەتی و هونـەری و ڕۆشنبیری گشتی ژنان، لەگەڵ بەشداریەکی بەرچاوی ژنان لەبوارەکانیتری ڕۆژنامـەوانی و ڕاگەیاندندا وەك (رادیۆ، تەلەفزیۆن، ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت... تاد).

ئەم بیبلۆگرافیایەش خەباتی ڕۆژنامەوانی ژنانی کوردە لە سەرەتاوە تا ڕۆژگـاری ئـەمڕۆ کە نمونەیەکی بەرچاو و ئاشکرای بەردەوام تێکۆشان و هەوڵدانی ژنانی کوردە لـە بـوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا، بە تایبەتیش لە بواری ڕۆژنامـەوانی و ڕاگەیاندندا. لێرەدا تـەنیا زانیاریمان دەربارەی ئەو ڕۆژنامـە و گۆڤار و بلاوکراوانە خستۆتە ڕوو، کە وەك ڕۆژنامـە و

گۆڤار و بڵاوکراوەی ژنانن. لەم بیبلۆگرافیایەدا ئاماژە بەو رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە گشتییانە نەکراوە، کە ژنان تێیدا رۆڵی خاوەن ئیمتیاز یان سەرنووسەر یان بەڕێوەبەریان تێدا بینیوە، یان ئەندامی دەستەی نووسەران بوونە. هەروەها ئاماژەم بەو رۆژنامە و گۆڤارانەش نەکردووە، کە لاپەڕەی تایبەت بەژنان یان گۆشەی تایبەت بە ژنان و یان ژمارەی تایبەت بە ژنانیان بڵاوکردۆتەوە.

- یەکەم بڵاوکراوەی ژنانی کورد لە ساڵی 1952 لە باشووری کوردستان بە ناوی (ئافرەتی ئازاد) دەرچووە.
- یەکەم گۆڤاری ژنانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی 1979 بەناوی (دەنگی ژنانی کوردستان) دەرچووە.
- یەکەم بڵاوکراوەی ژنانی کوردی لە رۆژئاوای کوردستان لە ساڵی 1989 بەناوی (ژنا کورد) لە شاری قامشلۆ دەرچووە.
- یەکەم گۆڤاری ژنانی باکووری کوردستان لە ساڵی 1989 بەناوی (کادن کورتولوش - رزگارکردنا ژن) لە ئەورووپا دەرچووە.
- یەکەم ژنە خاوەن ئیمتیازی کورد لە مێژوودا (رەحمە خانی کچی پیرەمێرد)ە کە دوای کۆچی دوایی باوکی لە ساڵی 1950 ئیمتیازی رۆژنامەی (ژین)ی وە ئەستۆ گرتووە.
- یەکەم ژنە خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری رۆژنامەیەکی سیاسی گشتی لە دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان لە ساڵی 1993 (سەرفراز نەقشبەندی) بووە.

# ڕۆژنـامەی ( کـادینلەر دونیاسی = جیهـانی ژنـان )

# 1913-1921 و

# سەرەتـایەك لە بزاڤی ڕۆژنـامەوانی ژنـانی کورد




ڕۆژنامەی (قادینلر دنیاسی = کادینلەر دونیاسی ، واتا جیهانی ژنان): لە ژێر کلێشەی ناوەکەیدا بە تـورکی نووسـراوە: (بڵاوکـراوەی کۆمەڵـەی بـەرگری لـە مافـەکانی ژنـانی عوسمانی)، (ڕۆژنامـەیـەکی وێنـەدارە، هـەموو ڕۆژانـی شـەممە دەردەچـێت). لەسـەرەوەی کلێشەی ڕۆژنامـەکەش نووسراوە خاوەنی ئیمتیاز: (ن.عولوییـە مـەولان). مەبەسـت لـە (نوورییە عولوییە مەولان)ی خێزانی ڕووناکبیری کورد ڕەفعەت مەولان زادەیە، کـە بـە


دەستپێشخەری ئەو پیاوە کوردە ئەم ڕۆژنامەیە دامەزراوە، نوورییە عولوییە مەولانی خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکە لە چاوپێکەوتنێدا لەگەڵ ڕۆژنامەوانێکی ئەڵمانی بە ناوی (Odette Feldmann) ڕادەگەیەنی کە بیرۆکەی دەرکردنی (جیهانی ژنان) بۆ یەکەمجار لەلایەن هاوسەرەکەیەوە هاتۆتە گۆڕێ. هەر لە سەرەتاوە (ڕەفعەت مەولان زادە) ڕۆڵێکی سەرەکی لە دەرکردنی ئەم ڕۆژنامەیە هەبووە، بەڵام لە ژمارە (163) بەدوا هاوسەرەکەی واتا (ڕەفعەت مەولان) بەرەسمی بووەتە (مودیر مەسئول)ی ڕۆژنامەکە. ڕۆژنامەی (جیهانی ژنان) بە زمانی تورکی بووە و پاشکۆیەکیشی بە زمانی فرەنسی بەناوی (Le Monde Feminin) واتا (جیهانی ژنان) لەگەڵدا بڵاوکراوەتەوە. هەر کەسێك ئەگەر ناوەڕۆکی ژمارەکانی ڕۆژنامەی جیهانی ژنان ببینێت، بە دڵنیاییەوە دەزانێت کە ئەم ڕۆژنامەیە بە هیچ شێوەیەك ناکەوێتە ناو خانەی مێژووی ڕۆژنامەوانی تورك، چونکە وەك لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە ئەوە دیاریکراوە، کە ئەم ڕۆژنامەیە دەربڕی ژنانی سەرجەم نەتەوەکانی ناو سنووری ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە، بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و


LE MONDE FEMININ

ئاینزایی. ئەگەر بەیانی سەرجەم ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە بکەونە دەستی لێکۆڵەرەوانی کوردەوە، ئەوا ڕاستی زیاترمان دەربارەی ناوەڕۆك و ئامانجی ئەم ڕۆژنامەیە بۆ

بەدەردەکەوێت.
ژمـارە: (1)ی سـاڵی یەکـەمی لـە ڕۆژی 1913/5/28 دەرچـووە. ژمـارە: (14)ی سـاڵی یەکـەم لـەڕۆژی شـەممە 1329/10/19ی ڕۆمـی بەرامبـەر 1ی زیلحجـەی 1321ی کۆچی، بەرامبەر بە 1913/10/1ی زایـینی دەرچـووە. ژمـارە: (163)ی لە ڕۆژی 1918/3/2 دەرچووە. ژمارە: (121)ی لە ڕۆژی 1921/5/7 دەرچووە. ژمارە: (205) دوا ژمارەیەتی هەر لە ساڵی 1921 دەرچووە. دانەی ئەم ڕۆژنامەیە بە (60) پارەی عوسمانی بووە. شوێنی دەرچوون: ئەستەنبوڵ. پێوانـە: 28,5×40 سم و 16 لاپەڕەیـە. سـەرەتا لـە چـاپخانەی ڕۆژنامـەی سەربەسـتی، دواتـر لـە چـاپخانەیەکی تایبەت بە خۆی بە ناوی چاپخانەی (کادینلەر دونیاسی) چاپکراوە.
لە ڕۆژنامـەی (جیهـانی ژنـان)دا، بـاس و خواسـی کـورد و ڕەوشـی ژنـانی کوردسـتان نیشاندراوە. لە یەکێك لە ژمارەکانی ڕۆژنامـەکەدا ئاماژە بە ڕوو نەپۆشینی ژنانی کورد و جلوبەرگی ژنـان و جیاوازییـەکانی لـە کوردسـتاندا کـراوە. هـەر لـەو سـەردەمـەدا بـۆ یەکەمجار کچێك بەناوی (بەلقیسە خانم) سواری فڕۆکە بووە و بـە ئاسمـانی ئەسـتەنبوڵدا فڕیـوە. ئـەم ڕووداوە بـۆ ئـەو سـەردمە ڕووداوێکـی گـەورە بـووە. بـەگوێرەی یـەکێك لـە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (جیهانی ژنان) ڕەفعەت مەولان زادە و سـورەییا عـالی بـەدرخان پەیوەنـدییان لەگـەڵ دەسـەڵاتدارانی دەوڵـەتی عوسمـانی دروسـتکردووە و کارئاسـانیان کردووە بۆ فڕینی یەکەم ژن لە مێژووی ناوچەکەدا بە ناوی (بەلقیسە خانم). هەروەها لە ڕۆژنامـەی جیهانی ژناندا باس لە ژنە ناودارەکانی کـوردی وەك (قـەرە فاتیمـە)کـراوە و وێنەی ئەم ژنە کوردە بۆتە وێنەی سەر بـەرگی یـەکێك لـە ژمارکـانی ئـەم ڕۆژنامـەیـە و کوردبـوونی (قـەرە فاتیمـە) سـەلمێنراوە. هـەروەها لـە هەنـدێك لـە ژمارەکـانی ئـەم ڕۆژنامـەیەدا گرنگی و شوێن بەلێدوان و ئاخاوتنی کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد کراوە لەوانە (ئەحمەدی خانی) کە وەکـو هەڵبەسـتوانێکی کـورد ئامـاژەی پێکـراوە. هـەروەها ئاخاوتنی ڕووناکبیرە کوردەکـانی ئـەو سـەردەمـەی وەك (دکتـۆر عەبـدوڵڵا جـەودەت) و (کامـەران بـەدرخان) لـە ڕۆژنامـەکـەدا بڵاوکراوەتـەوە. لـە ژمـارە (122)ی (جیهـانی ژنان)دا وتاری خانمێکی کـورد بـەناوی (فـاتۆ نـالی) بڵاوکراوەتـەوە، (فـاتۆ نـالی) لـە

وتارەکەیدا باس لە کوردێکی بەدیلگیراو دەکات بە ناوی (قاسم) کە لە جەنگی بەلکاندا بە دیلی کەوتۆتە دەستە بولگارەکان، فاتۆ نالی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی قاسم دەیەوێت سەرنجی ئەوە رابکێشێت کە ئەو نیگەرانییەی تووشی قاسم بووە و لە وێنەکەی قاسمدا بە باشی دیارە، فاتۆ دەیەوێت سەرنج بۆ ئازارەکانی قاسم و ئازاری مرۆڤەکانی وەکو ئەو بکێشێت. (ئەمینە خانم 1868-1926)ی خێزانی شەریف پاشای خەندان کە سەرۆکی یەکەمین ڕێکخراوی ژنانی کورد (کۆمەڵەی بەرزی ژنانی کورد) بووە پشتیوانی و پشتگیری لەو ڕۆژنامەیە کردووە. هەروەها بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی (کۆمەڵەی بەرزی ژنانی کورد) هەر لەلایەن چاپخانەی ڕۆژنامەی (کادینلەر دونیاسی = جیهانی ژنان) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. نورییە علوییە مەولانیش بۆ خۆی خاوەن گۆشەیەکی تایبەتی بووە لە ڕۆژنامەکەیدا بە ناوی (بیرکردنەوەکانم). ڕۆژنامەی جیهانی ژنان گرنگییەکی زۆری بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ژنە بەناوبانگەکانی جیهان داوە. هەروەها لە ڕۆژنامەکەدا ناو بەناو ئاگاداری و ریکلامی گشتی بڵاوکراوەتەوە.


کورد قادینلری تعالی
جمعیتی
نظامنامەسی
١٩١٩

چاپەمەنییەکانی ئەوسای ئەوروپا گرنگییەکی زۆریان بە ناوەڕۆکی ئەو ڕۆژنامەیەداوە لەوانە ڕۆژنامەی (The Times) کە لە لەندەن دەردەچوو، هەروەها چاپەمەنییەکانی فەرنسا و ئەڵمانیا و سوێد و زۆر شوێنیتریش باسیان لە گرنگی و بەرزی ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی (جیهانی ژنان) کردووە.

**پوختیەك لە وێستگەكانی ژیانی ( نووریيەعلوييە مەولان )ی خاوەن ئیمتیاز رۆژنامەی ( جیهانی ژنان ).**

- نوورييە علوييە حەوتەمين كچی حاجی مەحمودی (جووتيار)ە و ساڵی 1893 لە سوريا لە دايكبووە.



- لە تەمەنی منداڵيەوە بردراوەتە سەرای ئەستەنبوڵ و لەوێ خوێندويەتی.
- ساڵی 1912 شويكردووە بە رووناكبيری كورد (رەفعەت مەولان زادە) و پاشناوی (مەولان)ی خستۆتە سەر ناوەكەی خۆی و بووەتە بە (نوورييە علوييە مەولان).
- ساڵی 1913 بە دەستپێشخەری هاوسەرەكەی (رەفعەت مەولانا زادە) يەكەم رێكخراو بۆ ژنانی سەرجەم نەتەوەكانی ناو سنووری ئیمپراتۆريەتی عوسمانی دامەزراوە بە ناوی (عوسمانلی مودافەعەی حقوق و نسوان جەمعييەتی) واتا:(كۆمەڵەی بەرگری لە مافەكانی ژنانی عوسمانی) كە (نوورييە علوييە مەولان)یش سەرۆكايەتی رێكخراوەكەی كردووە.
- ساڵی 1913-1921 خاوەن ئیمیتازی رۆژنامەی (كادينلەر دونياسی -

جیهانی ژنان) بووه كه به دهستپێشخەری و هاوكاری هاسەرەكەی دامەزراوه.

- دوای ئەوەی لە ساڵی 1924 بە بڕیاری پەرلەمانی توركیا هاوسەرەكەی واتا (رەفعەت مەولان زادە) وڵاتنامەی لێ سەندراوەتەوە و ناچاركراوە توركیا بەجێبهێڵێت، نوریيە علوييە مەولان بە تەنیا لە توركیادا ماوەتەوە!
- دوای ئەوەی رەفعەت مەولان زادە لە ساڵی 1930 لە حەلەب كۆچی دواییكردووە، تەنیا یەك ساڵ دوای كۆچی دوای هاوسەرەكەی نووریيە علوييە مەولان شویكردۆتەوە بە مامۆستایەكی زانكۆ بەناوی (دكتۆر عەلی جیڤەلەك 1904-1985).
- نووریيە لە ساڵی 1964 لە تەمەنی 71 ساڵیدا لە ئەستەنبوڵ بە یەكجاری ماڵئاوایی لە ژیانكردووە.

سەرچاوە رۆژئاواييەكان دان بەو راستييە دادەنێن كە رەفعەت مەولان زادە هاوكار و هاندەری هاوسەرەكەی بووە بۆ دەرخستنی رۆژنامەێكی تايبەت بە ژنان. دیارە رەفعەت مەولان تەنیا بە هاوكاریكردن و دامەزراندنی رۆژنامەیەكی تايبەت بە ژنان نەوەستاوە، بەڵكو بەردەوام لە هەوڵی یەكسانی نێوان ژن و پیاو بووە و هانی پیاوانیداوە بۆ رێزگرتن لە ژنان و هاندانی هاوسەرەكانیان بۆ هاتنە ناو پێشكەوتنەكانی جیهان، هەروەها بە ئامانجی لەیەك نزیكردنەوەی (جیهانی ژنان و جهیانی پیاوان) هەستاوە بە دامەزراندنی یەكەمین رۆژنامەی تايبەت بە پیاوان لە مێژووی رۆژهەڵاتی ناوین بەناوی (ارككلر دنیاسی = ئەركەكلەر دونیاسی، واتا جیهانی پیاوان). لەسەر رۆژنامەی (جیهانی پیاوان) نووسراوە: مودیر مەسئول: رەفعەت، شوێنی دەرچوون: ئەستەنبوڵ. ژمارە: (1)ی ساڵی (1) لە رۆژی دووشەممە 6ی كانوونی دووەمی 1329ی رۆمی بەرامبەر 19ی كانوونی دووەمی 1914ی زايینی دەرچووە و تەنیا ئەم تاكە ژمارەی لێ بڵاوكراوەتەوە و وەستاوە. پێوانە: 28×39 سم و وێنەدارە. ئەم رۆژنامەیە لە هەمان ئەو چاپخانەیە چاپكراوە كە رۆژنامەی (جیهانی ژنان)ی پێ چاپكراوە.

# بیبلۆگرافیای رۆژنامەگەری ژنانی کوردستان

# 2010-1952

## ئافرەتی ئازاد

## سلێمانی-1952

گۆڤارێکی ژنان بوو، لە دەوروبەری ساڵی 1952 لە شاری سلێمانی لەلایەن ڕێکخراوەکانی لقی کوردی حزبی شیوعی عیراق دەرچووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی.

## ئافرەت

## بەغدا-1959

گۆڤار، گشتی، ئافرەتان. مانگانەیەکی ناڕێك بوو، لە بەغدا (رابیتەی ئافرەتانی عیراق) دەریکردووە. زمان: عەرەبی و کوردی "کورمانجی ناوین" ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (1)ی لە مانگی 5/1959 دەرچووە و تا مانگی 8/1963 هەمووی (15) ژمارەی لێدەرچووە. تەنیا بەشە کوردییەکەی ئەم گۆڤارە دەکەوێتە خانەی مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردییەوە.

## هونەر

## سلێمانی-1959




گۆڤار، هونەری، قوتابیان، وەرزی. قوتابخانەی ناوەندی هونەری ناو ماڵ لە شاری سلێمانی دەریکردووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (1)ی لە ساڵی 1959 و، هەر ئەو تاکە ژمارەی لێدەرچووە. دەستەی نووسەران: نەسرین محەممەد، گێلاس ڕەئووف، لویزە کاکە حەمە.

## دەنگی ژنانی کوردستان

**مهاباد**-1979

گۆڤار؛ گشتی، ژنان. (تەشکیلاتی ژنانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - لقی مهاباد) دەریکردووە. تەنیا دوو ژمارەی لێدەرچووە. ژمارە: (1)ی لە ساڵی 1979 و ژمارە: (2)ی لە مانگی 1/1980 دەرچووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی.


دەنگی ژنانی کوردستان
ئۆرگانی تەشکیلاتی ژنانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران - لقی مەهاباد
ژمارە دوو (٢) - ساڵی یەکەم . ڕێبەندان ١٣٥٨ بایی ٣ تمەن

## کاروانی ئافرەت

**سلێمانی**-1980

بڵاوکراوە؛ گشتی، ژنان، نیومانگی. (یەکێتی ئافرەتانی عێراق - لقی سلێمانی) دەریکردووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (1) لە ڕۆژی 1980/8/15 دەرچووە، ژمارە: (5) لە ڕۆژی 1980/10/15 بە پێوانەی 8 لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی شێوە بچووک دەرچووە. بەتایپ نووسراوە و بەفۆتۆ چاپکراوە.

## ئافرەتی کورد

## 1980-بەغدا

بڵاوکراوە؛ ئافرەتان. چوار لاپەڕە بوو لە گۆڤاری "المرأة"ی ڕێکخراوی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق، کە بە زمانی عەرەبی لە بەغدا دەردەچوو. یەکەم ژمارەی ئەم بەشە کوردییە لەگەڵ ژمارەی مانگی 1980/12 دەستی کردووە بە دەرچوون و دوای ماوەیەکی کەم ئەم بەشە کوردییە هەر زوو ڕاگیراوە.

## خانزاد

## 1982-هەولێر

بڵاوکراوە، گشتی، ژنان. (یەکێتی ئافرەتانی عیراق - لقی هەولێر) دەریکردووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی. یەکەم ژمارەی لە ساڵی 1982 دەرچووە. چەند ژمارەیەکی کەمی لێدەرچووە و دوا ژمارەی لە ساڵی 1983 بڵاوکراوەتەوە.

## دەنگی ئافرەت

## 1986-ئێران/هەولێر/پیرمام

سەرەتا (ئۆرگانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان-عیراق/ لقی ئاوارەیە). ژمارە: (1) لە مانگی 2/1986 بە 12 لاپەڕەی شێوە کتێب لە ئێران دەرچووە، ژمارە: (6) لە مانگی 5/1990 دوا ژمارەی بووە کە لە ئێران دەرچووە. لە ژمارە: (7)ی مانگی 7/1992 لە شاری هەولێر درێژەی بەدەرچوونیداوە و بۆتە (گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سیاسییە)، لەسەر ناوی (لقی هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) دەرچووە. ئەم ژمارەیە 34 لاپەڕەی گەورە بووە بە دروشمی گۆڤاریش (ئاشتی و ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری) بڵاوکراوەتەوە. لە ژمارە: (9)ی زستانی 1996 لە شارۆچکەی پیرمام دەرچووە و بووەتە (گۆڤارێکی مانگانەی ڕۆشنبیری و ڕامیاری گشتییە). هەر لەم ژمارەیەوە دەستەی گۆڤار دیاریکراون کە بەم شێوەیە بووە: - خاوەنی ئیمتیاز: شیرین

ئامێدی. سەرنووسەر: پرشنگ فەلەکەدین کاکەیی. دەستەی نووسەران: نەزیرە بامەڕنی، زەکیە بەرواری، هێرۆ بەرزنجی، سەبیحە بارزانی، سنۆبەر سابیر، چیمەن قادر بەنا. ژمارە: (10) لە بەهاری 1996 بە 60 لاپەڕە دەرچووە و بۆتە: (گۆڤارێکی وەرزیی رۆشنبیری رامیاری گشتییە). ژمارە: (11)ی لە هاوینی 1996 دەرچووە، ژمارەی تایبەتی لە رۆژی 1996/12/11 دەرچووە و سکرتێری نووسین: چیمەن عومەر سالح نووسراوە. ژمارە: (13) لە رۆژی 1997/7/15 دەرچووە. نووسراوە:- بەسەرپەرشتی: سنۆبەر سابیر. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. ژمارە: (15) لە مانگی 1998/8 دەرچووە، ژمارە: (17)ی لە مانگی 1998/12 دەرچووە، ژمارە: (18)ی لە مانگی 1999/3 بلاوکراوەتەوە. لە ژمارە (15) تا (18) سەبریە بابەکر سەرپەرشتیاری دەرچوونی کردووە. ژمارە: (19)ی لە رۆژی 1999/12/11 دەرچووە، ژمارە: (26)ی لە مانگی 2002/3 بە 52 لاپەڕەی پێوانە گەورە و بەرگ رەنگین دەرچووە. لەم ژمارەیەدا نووسراوە؛ خاوەنی ئیمتیاز: شیرین ئامێدی. سەرنووسەر: سەبیحە ئەحمەد. لە ژمارە (9) تا دوا ژمارە (شیرین ئامێدی) خاوەن ئیمتیازی سەرجەم ژمارەکانی بووە. ئێستا ئەم گۆڤارە لە دەرچوون وەستاوە و لە جێگەی ئەو گۆڤاری (وێ) دەردەچێت.



## كادن كورتولوش

### 1989-ئەڵمانیا

كادن كورتولوش = رزگاكردنا ژن: گۆڤارێكی سیاسی، گشتی ژنانە. لە ئەڵمانیا-كۆلن دەرچووە. زمان: توركی. بەرپرسیار: هـ. دوران. ژمارە: (1)ی لە سەرەتای 1989 و، ژمارە: (2)ی لە مانگی 3و4⁄1989 دەرچووە. پێوانە: گەورە و وێنەدارە.




## ژنا كورد

### 1989-قامشلۆ

**المرأة الكردية** - ژنا كورد: بڵاوكراوە؛ سیاسی، گشتی ژنانە. شوێنی دەرچوون: شاری قامشلۆ-ی باشووری رۆژئاوای كوردستان. زمان: عەرەبی. ژمارە: (1) ساڵی یەكەمی لە ساڵی 1989 دەرچووە. لە ساڵی 1993 بەدوا لەلایەن (پارتی یەكێتی دیموكراتی كورد لە سوریا ⁄ یەكێتی) دەرچووە. ژمار: (14) لە مانگی 10⁄1999 دەرچووە، ژمارە: (22) لە مانگی 3⁄2001 دەرچووە. پێوانە: هەر ژمارەیەك 8 لاپەڕەی پێوانە فۆلسكابە.



المــرأة الكــردية

Jina Kurd

نشرة دورية يصدرها حزب الوحدة الديمقراطي الكردي في سوريا (يكيتي)

العـدد (٢٢) آذار ٢٠٠١م-٢٦١٣ك الثمن (١٠) ل.س

عيد المــرأة

بقلم : هيئة التحرير

يأتي آذار بأعياده ... ويفوح عبق الحياة أثناء المخاض وعناق الفراشات للزهور ، لتكون البداية مع ولادة النوروز الخالد ، وعيد المرأة ... والنهاية مع حلبجة ونوروز ، وأشياء أخرى كثيرة ، أهمها الإصرار على البقاء لدى شعبنا بالرغم من المآسي والخراب!.

لكن ، هل ممارستنا لبعض المظاهر والطقوس في يوم الثامن من آذار كل عام تعني تحقيق غاية العيد ؟ . فإصدار بيان موسمي ندعو فيه لتحرر المرأة – الاقتصادي والسياسي والاجتماعي – ، هذه المقولة التي عفى عليها الزمن ، وكأنها لم تعد تجد نفعاً لتكرارها التنظيري في خطابنا الحزبي خلال عقود كثيرة دون البحث في مضمونها ، والعمل من أجل تطبيقها ، أو قيام بعض النساء أو المنظمات الحزبية بإقامة بعض الندوات السياسية والثقافية ، أو بعض الحفلات هنا وهناك ، لا يعني شيئاً بقدر ما يبين تناولنا السطحي لمفهوم وغاية عيد المرأة .

إذ يكمن جوهر العيد في العمل من أجل انتزاع ما يمكن انتزاعه من الحقوق ، ففي مثل هذا اليوم من عام ١٩٠٩م ، تظاهرت مئات العاملات الأمريكيات ليحصلن على حقوقهن في الأجر العادل وتحديد ساعات العمل.

إن احتفالنا بهذا العيد ... دعوة للمرأة السورية عموماً والكردية خصوصاً ، لتمعن النظر قليلاً فيما يجري حولها من تطورات وتغيرات في المجتمع السوري – من تأسيس منتديات سياسية وثقافية ، إلى الدعوة لإحياء مؤسسات المجتمع المدني والمطالبة بإلغاء قانون الطوارئ والأحكام العرفية ، وصدور بيان ألف توقيع من قبل نخبة من المثقفين السوريين ، والحوار من أجل الإصلاح الاقتصادي والإداري والسياسي ...إلخ ، ولكن أين موقعنا نحن مما يحدث ؟؟ ، وإذا كان يطيب للبعض أن نبقى مهمشين وبعيدين عن الحياة العامة ، فهل نقبل العيش على هذا الهامش ؟ .

فلنجعل من هذا اليوم يوماً نحاور فيه من يتهرب من حوارنا ، لنبين عدالة قضيتنا كشعب السوري عموماً ، والمرأة السورية خصوصاً ، لنحدد في مثل هذه المناسبات ما نريد ، وكيف نعمل من أجل تحقيق أهدافنا ؟. لنتفاعل إيجابياً مع هذا العيد ، ليكون لنا حق القول بأننا نحتفل بعيد المرأة العالمي ... لنحافظ على حقنا في الحضور أمام من يريد طمس معالم الحياة فينا ، وكل عام ... وكل نساء العالم بألف خير ... وكل عام ... والمرأة الكردية بحاجة العمل أكثر لرفع الغبن عنها وعن كاهل شعبها ، كل عام ... لنشعل شمعة حب وحق المناضلة الكردية ليلى زانا بمناسبة عيد المرأة .

## تەوار

## 1990-سەقز/سلێمانی



رۆشنبیری، گشتی: (گۆڤاری یەکێتی ژنانی کوردستان "باشوور"). دوو ژمارەی سەرەتای لە شاری سەقز و سەرجەم ژمارەکانیتری لە شاری سلێمانی دەرچوونە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. ژمارە: (1)ی لە مانگی 3⁄1990 بە 60 لاپەڕە دەرچووە، ژمارە: (2)ی لە مانگی 12⁄1990 دەرچووە.




ژمارە: (3)ی لە مانگی 9/1992 بە 50 لاپەڕە دەرچووە. ژمارە: (4)ی لە مانگی 1/1993 بە 94 لاپەڕە دەرچووە. ژمارە: (6)ی لە مانگی 8/1993 و، ژمارە: (7)ی لە مانگی 8/1994 دەرچووە. ژمارە: (8)ی لە مانگی 9/1994 دەرچووە. سەرجەم ژمارەکان لە پێوانەی شێوە کتێبدان. وێنەدارە. دوای زیاتر لە 10 ساڵ وەستان گۆڤاری تەوار لەسەر شێوازێکی نوێ دەستپێکردۆتەوە بە دەرچوون و بووەتە: (گۆڤارێکی وەرزیی ڕووناکبیریی گشتییە، یەکێتی ژنانی کوردستان دەریدەکات). ژمارە: (29) لە زستانی 2010 دەرچووە. ژمارە: (32) لە پایزی 2010 دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز: یەکێتی ژنانی کوردستان. سەرنووسەر: کنێر عەبدوڵلا. ستافی نووسین: سۆزان جەمال، شیرین تاهیر.


## یەکبوون
## 1990-هۆڵەندا

ڕۆشنبیریی، گشتیی، ژنان. (گۆڤاری یەکێتیا ژنێن کورد). شوێنی دەرچوون: زوتەرمێر - هۆڵەندا. زمان کوردی "کورمانجی ژووروو و کورمانجی ناوین". ڕێنووس: لاتینی و عەرەبی. ژمارە: (1)ی ساڵی یەکەمی لە ساڵی 1990 دەرچووە. ژمارە: (2)ی ساڵی یەکەمی لە 1990 دەرچووە. ژمارە: (1)ی ئەمجارە لە ساڵی 1992 دەرچووە.


# ژیان

## ئەڵمانیا-1991

وەرزی، رامیاری، کۆمەڵایەتی، گشتی: (گۆڤاری یەکێتیا ژنێن کوردستان). لە کۆلن – ئەڵمانیا دەرچووە. زمان: کوردی "کورمانجی ژووروو" و تورکی و ئەلمانی. رێنووس: لاتینی. ژمارە: (1)ی لە مانگی 3/1991 دەرچووە، ژمارە: (9)ی لە ساڵی 1993 دەرچووە. ژمارە: (10)ی لە مانگی 3/1994 دەرچووە، ژمارە: (24و25)ی بەیەکەوە لە مانگی 5/1998 دەرچوونە و لەم ژمارەیەدا دەستەی نووسەران بەم شێوەیە نووسراوە: زوبەیدە، زەرین، بەلگین. ژمارە: (26)ی لە مانگی 11/1998 دەرچووە، ژمارە: (27)ی لە ساڵی 1999 دەرچووە، ژمارە: (31)ی لە ساڵی 2000 دەرچووە، ژمارە: (34)ی لە مانگی 6و7/2003 دەرچووە، ژمارە: (38) لە ساڵی 2005 دەرچووە. پێوانە: گەورە و وێنەدارە.



## سێبەر
## هەولێر-1991



گۆڤارێکە (یەکێتی ژنانی کوردستان - لقی هەولێر) مانگانە دەریکردووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (1) لە ناوەڕاستی 1991 بەناوی (نامیلکەی سێبەر) دەرچووە. ژمارە: (2)یش هەر بەناوی (نامیلکەی سێبەر) دەرچووە و، ژمارە: (3)ی لە مانگی 8/1991 بە 32 لاپەڕەی پێوانە گەورە و بەناوی گۆڤاری (سێبەر) دەرچووە و دورشمەکەی بریتی بووە لە (ژن، خەبات، ژیان). (چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان - هەولێر).

## ژنی ئەمڕۆ
## سلێمانی -1992

بڵاوکراوە، سیاسی، ژنان. (کۆمیتەی ژنانی شۆڕشگێڕ)ی سەر بە (بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری) دەریانکردووە. شوێنی دەرچوون: سلێمانی. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی. ئەم بڵاوکراوەیە تەنیا (3) ژمارەی بە تیراژێکی کەم و بە کۆپی لێدەرچووە و وەستاوە.

# دەنگی ئافرەتان

## هەولێر-1992

ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، گشتی ئافرەتانە. (کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستانی عیراق) دەریکردووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (0)ی لە مانگی 1992/3 دەرچووە و بەگوێرەی ئەم ژمارە (گۆڤارێکی مانگانەی گشتییە). ژمارە: (1)ی لە ساڵی 1993 جگە لە بەرگ بە 24 لاپەڕە دەرچووە. بەگوێرەی ئەم ژمارەیە (گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی گشتییە). ژمارە: (3)ی لە مانگی 1995/12 دەرچووە، لەم ژمارەیە بەدوا بووە بە (گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتییە). ژمارە: (4)ی لە مانگی 1996/3 دەرچووە. ژمارە: (5)ی لە مانگی 1996/6 دەرچووە. ، ژمارە: (6)ی لە مانگی 1996/8 دەرچووە. دوای ماوەیەك وەستان ئەمجارە لە خولێکی تازەیدا بووەتە بە ڕۆژنامە و لەسەر لاپەڕەی یەکەمی نووسراوە (ئۆرگانی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان). دروشمی کۆمەڵەکە بووەتە بە (یەکسانی بۆ ئافرەتان و بەختیاری بۆ منداڵان).

ژمارە: (1)ی خولی تازەی لە مانگی 1998/3 لە شێوەی ڕۆژنامەیەکی بچووکی 4 لاپەڕە دەرچووە. ژمارە: (3) لە مانگی 1998/8 دەرچووە. ژمارە: (8)ی لە مانگی 1999/11 بە 4 لاپەڕەی پێوانە گەورەی شێوە ڕۆژنامە دەرچووە و وێنەدارە.


دەنگی ئافرەتان
DANGY AFRATAN
یەکسانی بۆ ئافرەتان و بەختیاری بۆ منداڵان

# مهاباد

## دهۆك-1992


(گۆڤارێكی مانگانەی رۆشنبیری گشتی سەربەخۆیە-دەنگی ژنانی كوردستانە). لە شاری دهۆك دەرچووە. زمان: كوردی "كورمانجی ژووروو و كورمانجی ناوین" و عەرەبی. رێنووس: ئارامی. ژمارە: (1)ی لە مانگی 7/1992 دەرچووە، ژمارە: (2)ی لە مانگی 8/1992 دەرچووە، ژمارە: (3)ی لە مانگی 9/1992 دەرچووە، ژمارە: (6) لە مانگی 2/1993 دەرچووە، ژمارە: (8) دوا ژمارەیەتی لە مانگی 6/1993 دەرچووە. پێوانە: شێوە پەرتووكە. دەستەی گۆڤار: ماجید خانەقینی، ئیبراهیم حەمید، دایكا رەنجبەر. پێوانە: نیو فۆلسكاب.



# پەیامی خوشکان

## سلێمانی-1992

(گۆڤارێکی ئیسلامی گشتییە)، ( گۆڤاری یەکێتی ئافرەتانی موسلمانی کورد). زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (1)ی لە ساڵی 1992 دەرچووە. ژمارە: (8)ی لە ساڵی 1993 دەرچووە. ژمارە: (14و15)ی ساڵی سێیەم بە یەکەوە لە بەرگێکدا لە 1995 بلاوکراونەتەوە. بەگوێرەی ئەم ژمارەیە:- خاوەنی ئیمتیاز: سوعاد عوسمان سەعید. سەرنووسەر: ئامینە سدیق عەبدولعەزیز. ژمارە: (17)ی ساڵی پێنجەم لە 1997 دەرچووە، ژمارە: (19)ی دوا ژمارەیەتی لە ساڵی 1998 بلاوکراوەتەوە.



# ژنا سەربڵند

## 1992- ئەڵمانیا / هۆڵەندا

(گۆڤارێكی رامیاری و رۆشنبیری ژنانە). لە 1992-1997 وەرزانە دەرچووە، لە 1998-1999 دوو مانگ جارێك دەرچووە، لە 2000 تا 2005 بە بەردەوامی مانگانە دەرچووە. شوێنی دەرچوون: لە 1992-1993 لە شاری لێڤەركوسەن - ئەڵمانیا دەرچووە. لە ساڵی 1994-2005 لە وڵاتی هۆڵەندا دەرچووە. زمان: توركی و كوردی "كورمانجی ژووروو". رێنووس: لاتینی. لە 1992-1993 لەسەرناوی (یەكێتی ژنانی وڵاتپارێزی كوردستان) دەرچووە. لە ساڵی 1994 لەسەرناوی (تەڤگەری ئازادی ژنانی كوردستان) دەرچووە. لە ساڵی 1995-1998 لەسەرناوی (یەكێتی ئازادی ژنانی كوردستان) دەرچووە. لە ساڵی 1999وە لەسەرناوی (پارتی ژنانی كرێكاری كوردستان) دەرچووە. لە پایزی ساڵی 2000ەوە لەسەرناوی (پارتی ژنانی ئازاد) دەرچووە. لە ساڵی 2004-2005 لەسەرناوی (پارتی ئازادی ژنانی كوردستان) دەرچووە. هەندێك لە ژمارەكانی ئەم گۆڤارە بەمجۆرە دەرچوونە:- ژمارە: (1)ی لە ساڵی 1992 دەرچووە. ژمارە: (8)ی لە ساڵی 1994 دەرچووە. ژمارە: (67)ی لە مانگی 6/2002 دەرچووە. ژمارە: (88)ی لە مانگی 3/2004 دەرچووە. ژمارە: (99)ی دوا ژمارەیەتی لە مانگی 2/2005 دەرچووە و وەستاوە. لە پاش وەستانی رۆژنامەی(نەوایا ژن) شوێنی ئەوی گرتۆتەوە. سەرجەم ژمارەكانی (ژنا سەربڵند) پێوانە گەورە و وێنەدار و رەنگینە.



## ژین

## 1993-دهۆك

(بلاوكراوەى يەكێتى ئافرەتانى كوردستان /لقى دهۆك - نەينـەوا). لـە شـارى دهـۆك دەرچووە. زمـان: كوردى "كورمـانجى ژووروو" و عـەرەبى. ڕێنووس: ئارامـى. يەك ژمـارەى لـە مـانگى 3/1993 بـە 32 لاپـەڕەى پێوانـە شـێوە گۆڤـارى ناوەنـدى دەرچـووە و وەستاوە.




## دەنگێ ژنێن كوردستان

## 1993-ئەڵمانیا

گۆڤارێكى، سياسى، ڕۆشـنبيرى، گشـتى ژنانـە لـە بـۆن-ى ئـەڵمانيا دەرچـووە. زمـان: كوردى "كورمـانجى ژووروو" و، ئـەلمانى. ڕێنـووس: لاتـينى. ژمـارە: (1)ى لـە سـاڵى 1993 و، ژمـارە: (2)ى هـەر لـە سـاڵى 1993 و، ژمـارە: (3)ى لـە مـانگى 4و1994/5 دەرچووە.

# ژنێ رابە!

## 1993-ئەڵمانیا

گۆڤارێکی تایبەت بە پرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری ژنانی کوردە، (ژنانی وڵاتپارێزی کورد) لەوڵاتی ئەڵمانیا دەریانکردووە. زمان: ئەلمانی. تەنیا یەك ژمارەی تایبەتی لە ساڵی 1993 لێدەرچووە و وەستاوە. ئەم ژمارە تایبەتییەی گۆڤاری (ژنێ رابە!) بە بەرگەوە 76 لاپەڕەی پێوانە گەورە و وێنەدارە.



# یەکسانی

## 1993-سلێمانی

سیاسی، گشتی، ژنانە. (بڵاوکراوەی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان). دروشم: (بژی یەکسانی هەمەلایەنی ژن و پیاو). ناو بەناو دەرچووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. ژمارە: (1) لە مانگی 7/1993 بە 8 لاپەڕەی شێوە رۆژنامەی ناوەندی دەرچووە. سەرنووسەر: ناسك ئەحمەد. لە ژمارە: (8)ی مانگی 2/1995 خاوەنی ئیمتیاز: نادیە عەلی مەجید. سەرنووسەر: ناسك ئەحمەد. دەستەی نووسەران: گەشاو محەمەد، رێگا، نادیە عەلی، نەسرین ساڵح، بەهار، زیبا حوسێن، کەژاڵ حەمە کەریم. لە ژمارە: (16)ی مانگی 2/1997 رێگا رەئوف بووەتە سەرنووسەر و، ناسك ئەحمەدیش لەگەڵ دەستەی نووسەران ناوی نووسراوە. لە ژمارەکانی ساڵی 2000 تا ژمارە: (57)ی لە مانگی 2/2003 سەرنووسەر: ساکار ئەحمەد نووسراوە. ژمارە: (58)ی لە مانگی 1/2005 بە 4 لاپەڕە دەرچووە. لەم ژمارەیە بەدوا نووسراوە سەرنووسەر: ئاڵا فەرەج. بەڕێوەبەری نووسین: ئاڵا لەتیف. ژمارە: (59)ی لە مانگی 2/2005 دەرچووە. ژمارە: (65)ی لە مانگی 12/2005 بە 4 لاپەڕە دەرچووە. زۆربەی ژمارەکانی پێوانە گەورە و وێنەدارن. هەندێك لە ژمارەکانی لە چاپخانەی سەرکەوتن-ی شاری سلێمانی چاپکراوە. ئەم رۆژنامەیە چەند جارێك هەوڵی داخستنی دراوە و رووبەڕووی کۆسپ و تەگەرە بووەتەوە.


یەکسانی
٥٥
YAKSANY
خەباتگێڕێکی مافە مەدەنییەکان لە کوردستان لەسەردانیدا بۆ یۆتێبۆری
پارتی لەژێر ناوی بنەبڕکردنیدا دووبارە رەسمییەت دەداتەوە بە کوشتاری ژنان!
بەتەنیا (غسل العار) بەس نییە، دەبێ تێکڕای یاساکانی سزادان و ئەحوال شەخسی تورهەڵدەین!
ساکار ئەحمەد لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ رۆژنامەی "میدیا":
لە کەلتورو دابونەریتی پیاوساڵاری و ناموسپەرستیدا ژن دەبێ کۆیلە و پەرژێنکراو بێت!

# ژ بۆ رزگاریا ژنان

## 1993-ئەستەنبوڵ

**گۆڤار**، سیاسی، گشتی، ژنان: (بڵاوکراوەی کۆمەڵەی ژنانی دیموکرات و نەتەوەیی). **زمان**: تورکی و کوردی "کورمانجی ژووروو". **ڕێنووس**: لاتینی. **ژمارە**: (1) لە مانگی 9/1993 بە 44 لاپەڕە دەرچووە. **شوێنی چاپکردن**: ئەستەنبوڵ. **پێوانە**: شێوە گۆڤاری بچووکە. وێنەدار و بەرگ ڕەنگینە.



## NEW DAY

## دهۆك-1993

**NEW DAY** = رۆژی نویٚ: گۆڤارێکی گشتییە. (پەیمانگای مامۆستایانی کچان ⁄ دهۆك) به زمانی ئینگلیزی دەریکردووە. ژمارە: (1)ی لە مانگی 3⁄1993 بە 72 لاپەڕەی شێوە کتێب دەرچووە و هەر ئەو تاکە ژمارەی لیٚ بلاٚوکراوەتەوە.

## JIN

## سوێد-1994


**JIN** = ژن: **Kurdisk Kvinnobulletin** بولتەنی ژنانی کوردە. (یەکێتی ژنانی کورد – سوێد) دەریکردووە. زمان: سوێدی. شوێنی دەرچوون: ستۆکهۆلم - سوێد. ژمارە: (1) لە ساڵی 1994 دەرچووە، ژمارە: (2و3) لە ساڵی 1994-1995 دەرچووە. پێوانە: شێوە گۆڤاری گەورە و وێنەدارە.



# زینا نوو

## ئامەد-1994

گۆڤار، سیاسی، گشتی، مانگانەی ژنان. ژنانی زیندانیکراوی سیاسی کورد بەدروشمی (ئەگەر پێنووس و هزر هەبێت، شمشێر هیچی پێ ناکرێت) لە زیندانی شاری ئامەد دەریانکردووە. زمان: تورکی و کوردی "کورمانجی ژووروو". ڕێنووس: لاتینی. ژمارە: (1) لە ساڵی 1994 و، ژمارە: (8) لە مانگی 4/1995 بە 36 لاپەڕە و، ژمارە: (12) لە مانگی 9/1995 بە 32 لاپەڕە دەرچووە. ئەم گۆڤارە لە ژوورەکانی زیندان بەتایپ دەنووسرایەوە و، لەدەرەوی زیندان بە کۆپی لێی زیادکراوە و، بڵاوکراوەتەوە. پێوانە: گۆڤاری شێوە گەورە و، وێنەدارە. هەروەها ژمارە: (1) تایبەتی ئەم گۆڤارە لە مانگی 3/1995 بە 34 لاپەڕەی گەورە دەرچووە.



# ئارژین

## ڕوحا-1994


گۆڤار؛ سیاسی، ڕۆشنبیریی، گشتی ژنانە. ژنانی زیندانیکراوی کورد لەسەر ناوی (ناوەندی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی سەربڵند) لە زیندانی شاری ڕوحای باکووری کوردستان دەریانکردووە. دروشمی گۆڤار: (ئەوەی شەڕبکات جوان دەبێت، ئەوەی جوانبێت ئازاد دەبێت، ئەوەی ئازادبێت خۆشەویست دەبێت). زمان: کوردی "کورمانجی ژووروو" و تورکی. ڕێنووس: لاتینی. ژمارە: (1)ی لە ساڵی 1994 دەرچووە، ژمارە: (4)ی لە مانگی 12⁄1994 بە 26 لاپەڕە دەرچووە. دەستەی وەشان و نووسەرانی ئەم گۆڤارەیە سەمبۆڵێن و بەناوی ژنە نەمرەکانی کورد کراوە. ئەم گۆڤارە بەتایپ نووسراوە و، لێی ڕەوانەی دەرەوەی زیندان کراوە و، لەدەرەوەش بەکۆپی لێی زیاد کراوە و، بڵاوکراوەتەوە. پێوانەی گۆڤاری ئارژین: شێوە کتێب و وێنەدارە.



# تروسکە

## هەولێر-1994

گۆڤار؛ لەلایەن (کۆمەڵێك ئافرەتی پێشکەتووخوازی کوردستان) لە شاری هەولێر دەرچووە. دروشم: (ئافرەت خۆری ژیانە). زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی. تەنیا لە دوا ژمارەیدا 2 لاپەڕەی بە زمانی عەرەبی بووە. ژمارە: (نۆبەرە)ی لە مانگی 4/1994 جگە لە بەرگ بە 13 لاپەڕەی بچووك دەرچووە. ژمارە: (1) لە مانگی 7/1994 بە 8 لاپەڕەی بچووك دەرچووە. ژمارە: (2) لە ڕۆژی 29/10/1994 جگە لە بەرگ بە 23 لاپەڕەی بچووك دەرچووە. ژمارە: (3) لە مانگی 11/1994 دەرچووە. ژمارە: (4) دوا ژمارەیەتی لە مانگی 4/1995 دەرچووە.



## تەوار-ژاڤین

### هەولێر-1994

(گۆڤارێکی رۆشنبیرییە) بە دروشمی (بخوێنە، تێبگە، بنووسە)، (خوێندنگای دواناوەندی چناری کچان) دەریکردووە. تەنیا (3) ژمارەی لێدەرچووە. ژمارە: (نۆبەرە) و ژمارە: (1) بەناوی (تەوار) و ژمارە: (2) بەناوی (ژاڤین) بڵاوبۆتەوە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. سەرپەرشتیار: مامۆستا عەباس نادر قادر. ژمارە: (نۆبەرە) لە رۆژی 1994/3/28 جگە لە بەرگ بە 12 لاپەڕەی پێوانە بچووك دەرچووە. ژمارە: (1)ی لە ساڵی 1995 و، ژمارە: (2)ی لە مانگی 1995/11 دەرچووە.

## سنوور

### سلێمانی و هەولێر-1995

(گۆڤارێکی ئیسلامی گشتی مانگانەیە)، (شورای خوشکان- مەکتەبی رێکخستنی بزووتنەوەی ئیسلامی) دەریکردووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. هەندێك لە ژمارەکانی لە سلێمانی و هەندێك ژمارەشی لە هەولێر دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز: دایکی بەنان. سەرنووسەر: ژیان عەبدولقادر. ژمارە: (1)ی لە مانگی 1995/10 بە بەرگەوە بە 36 لاپەڕەی شێوە پەرتووك دەرچووە. ژمارە: (7)ی لە مانگی 1996/4 دەرچووە. ژمارە: (14و15)ی بە یەکەوە لە بەرگێکدا لە مانگی 11و1996/12 دەرچووە. ژمارە: (21)ی لە مانگی 1997/7 دەرچووە. ژمارە: (28و29)ی بە جووتە لە مانگی 1998/3 دەرچووە. پێوانەی هەندێك لە ژمارەکانی شێوە پەرتووك و، هەندێکیش شێوە گۆڤاری ئاساییە. وێنەدارە.




## سپێدە / سپێدەی نوێ

## سلێمانی-1995

(بڵاوکراوەیەکی تایبەتـە بـە ئافرەتـان). (پەیوەنـدی ئیسـلامی خوێنـدکاران و لاوانـی کوردستان ⁄ راگەیاندنی مەڵبەندی سلێمانی) دەریکردووە. زمان: کوردی "کورمـانجی نـاوین". رێنـووس: ئـارامی. ژمـارە: (1)ی لـە رۆژی 20⁄9⁄1995 بـە 8 لاپـەڕەی پێوانە بچووك دەرچووە. ژمارە: (2)ی لە ساڵی 1995 بـە 8 لاپـەڕەی پێوانـە بچـووك دەرچووە. ژمارە: (3)ی لە کۆتایی ساڵی 1995 بە 12 لاپەڕەی پێوانە بچووك دەرچـووە. ژمـارە: (7)ی لـە سـاڵی 1999 بـە 10 لاپـەڕە دەرچـووە. سـەرەتا بەناوی (سپێدە) دەرچووە و پاشان ناوەکەی گۆڕاوە و بووە بە (سپێدەی نوێ). هەروەها هەندێك ژمارەی بە زمانی عەرەبی بەناوی (المساواة) دەرچووە.



## دەنگی ژنان

## سلێمانی-1995

(بڵاوکراوەیـەکی ڕۆشـنبیریی مانگانەیـە)، پاشـان بووەتـە ڕۆژنامەیـەکی مانگانەیـە. (یەکێتی ژنانی کوردستان - لقی سلێمانی) دەریکردووە. زمـان: کـوردی "کورمـانجی ناوین". ڕێنووس: ئـارامی. ژمـارە: (1)ی لـە ڕۆژی 1995⁄9⁄3 دەرچـووە، ژمـارە: (23)ی لە ڕۆژی چوارشـەممە 1997⁄10⁄1 بـە 4 لاپـەڕەی پێوانـە گـەورە دەرچـووە. خـاوەنی ئیمتیـاز: کوێسـتان محەمـەد عەبـدوڵڵا. سەرنووسـەر: ئەختـەر سـابیر. پێوانـە: ژمارەکـانی سـەرەتای شـێوە ڕۆژنامەیـەکی بچـووك بـووە، ژمارەکـانی دواتـری شـێوە ڕۆژنامەی پێوانە گەورە و وێنەدارن. ڕۆژنامەی دەنگی ژنان تا دەورووبەری ساڵی 2000 یش بەردەوام بووە لە دەرچوون.




## بێداری خوشکان

## سلێمانی-1996

ڕۆشنبیری، گشتی، ئیسلامی، بڵاوکراوەیەکی مـانگانەیە. (لقی سلێمانی – یەکگرتووی خوشـکانی ئیسـلامی کوردسـتان) دەریکـردووە. زمـان: کـوردی "کورمـانجی نـاوین". ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (0)ی لە مـانگی 1996⁄6 بە 10 لاپەڕە دەرچووە.

# رۆناهی

## 1996-ئەستەنبوڵ

ژمـارە: (1)ی تایبــەتی رۆژنامــەی هەفتــەیی رۆنــاهی لــە هەفتــەی 1-8/3/1996 تایبەت بە رۆژی جیهانی ژنان لە شێوە گۆڤار دەرچووە. وێنەدارە.



# ڕۆزا

## 1996-ئەستەنبوڵ

(گۆڤاری ژنی کورد). سیاسی، ڕۆشنبیری، گشتی ژنان، دوومانگی. لە ئەستەنبوڵ دەرچووە. زمان: کوردی "کورمانجی ژووروو" و تورکی. ڕێنووس: لاتینی. خاوەنی: فاتمە کایهان. بەرپرسیاری تەکنیك: نوران ئاغان. بەڕێوەبەری کارگێڕی: گوڵچین باران. ئەرشیف: هەدیە یلماز. دەستەی نووسەران: فاتیمە کایهان، فوسون ئۆزمەن، گوڵچین باران، هەدیە یلماز، نوران تونا، ئۆزلەم شەنگول. ژمارە: (1)ی لە مانگی 3/1996 دەرچووە، ژمارە: (16)ی لە مانگی 8و9/1999 دەرچووە. بەهۆی ئاستەنگیەکانی دەوڵەت و ئەو گرفتانەی دەخرایە ڕێگای ئەم گۆڤارە هەندێك لە ژمارەکانی لەکاتی خۆیدا دەرنەگ دەردەچوون، ژمارە: (17)ی دوا ژمارەیەتی کە من بینیومە لە مانگی 5/2000 دەرچووە و لە هەمان ساڵدا داخراوە. گۆڤاری ڕۆزا بە کاغەزێکی تایبەت و بەشێوەیەکی تایبەتی زۆر جیاوازتر لەگەڵ و گۆڤارە کوردییەکانیتر چاپکراوە، وێنەدارە. (چاپخانەی گونای - ئەستەنبوڵ).



# دەنگیٚ/دەنگێك

## هەولێر-1996


(گۆڤارێکی رۆشنبیری وەرزییە - بۆ داکۆکیکردن لەمافی ئافرەتان و دەربڕینی داهێنانی ژنان). ژمارە (1)و(2) بەناوی (دەنگیٚ)، لە ژمارە (3)وە بەناوی (دەنگێك) دەرچووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. ژمارە: (1) لە مانگی 3⁄1996 بە 184 لاپەڕە دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز: پەخشان زەنگەنە. سەرنووسەر: بەهار عەلی. بەهاوکاری: هادی مەحمود. ئەنجومەنی راوێژکاران: جەمال عەبدول، د. کەمال خۆشناو، پەروین فەتاح، شەمام شەوقی، د. شوکریە رەسوڵ، ئاری بابان، شیرین ئامێدی، ناسر حیسامی، دڵسۆز حەمە. ژمارە (2)ی مانگی 7⁄1996 بە 174 لاپەڕە دەرچووە. لەم ژمارەیەوە مەهاباد قەرەداغی-یش ناوی لەگەڵ ئەنجومەنی راوێژکاراندا نووسراوە. ژمارە: (3)ی لە مانگی 2⁄1997 بە 83 لاپەڕە دەرچووە. ژمارە: (4)ی دوا ژمارەیەتی لە مانگی 7⁄1997 بە 112 لاپەڕە دەرچووە. پێوانەی سەرجەم ژمارەکان شێوە کتێبە.



## ژووژین

## 1996-ئەستەنبوڵ

((گۆڤاری دوو مانگی ژنانی کوردە). لە ئەستەنبوڵ دەرچووە. زمان: تورکی و کوردی "کورمانجی ژووروو". ڕێنووس: لاتینی. ژمارە: (1) لە مانگی 1996/12 دەرچووە و، ژمارە: (5) ساڵی دووەم لە مانگی 1998/1 بە 56 لاپەڕە و، ژمارە: (6) لە مانگی 1998/4 بە 54 لاپەڕە دەرچووە، ژمارە: (10) لە ساڵی 2000 دەرچووە. خاوەنی: ئۆیا جۆشکون. بەرپرسیاری کاروباری نووسین: سۆنگول تانروکولو. پێوانە: ناوەندی، وێنەدارە. (چاپخانەی دیار - ئەستەنبوڵ).




## چارشێو

## 1997-باشووری کوردستان

سەرەتا (بڵاوکراوەیەکی ئیسلامییە)، دواتر بووەتە (گۆڤارێکی ئیسلامی ئافرەتانە). (دەستەیەك لە خوشکانی موسڵمان) دەریانکردووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (1)ی لە مانگی 1997/3 دەرچووە. ژمارە: (3)ی دوا ژمارەیەتی لە مانگی 1997/5 دەرچووە. پێوانە: بچووکە.

## ئیلاف

### هەولێر-1997

ئیسلامی، قوتابیان، گۆڤاری ناوخۆییە (قوتابیانی بەشی ناوخۆ) دەریانکردووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین" و عەرەبی. ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (0)ی لە مانگی 3⁄1997 دەرچووە. بەگشتی (7) ژمارەی لێدەرچووە.

## نیوەی لەیادکراو

### هەولێر-1997

بڵاوکراوەیەکە تایبەتە بە ژنان گۆڤاری (دەنگێک) ناوبەناو دەریکردووە. شوێنی دەرچوون: هەولێر. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (1)ی لە سەرەتای مانگی 4⁄1997 بە 4 لاپەڕەی فۆلسکاب و فۆتۆ دەرچووە.

## زیلان

### ئەڵمانیا-1997

گۆڤارێکی سیاسی ژنانی کوردە. شوێنی دەرچوون: ئەڵمانیا. زمان: ئەڵمانی. ژمارە: (1)ی لە ڕۆژی 30⁄6⁄1997 لە یەکەم ساڵڕۆژی گیان لە دەستدانی کچێکی کورد بەناوی (زەینەب کناجی - زیلان 1972 مەلاتییە 30⁄6⁄1996 دێرسیم) دەرچووە. هەر ئەم تاکە ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە و وەستاوە. پێوانە گەورە و وێنەدار و ڕەنگینە.

# ژیانەوە

## 1997-سلێمانی

سەرەتا (رۆژنامەیەکی رووناکبیریی سەربەخۆیە)، (سەنتەری راگەیاندنی ژنان) مانگی دوو جار دەریکردووە. دواتر بووەتە (هەفتەنامەیەکی کۆمەڵایەتی و رووناکبیریی تایبەتە، یەکێتی ژنانی کوردستان دەریدەکات). شوێنی دەرچوون: سلێمانی. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. لە ژمارە (61)ی رۆژی 9/8/2006دا بابەتی بە زمانی ئینگلیزیش تێدا بڵاوکراوەتەوە. ژمارە: (1)ی لە ناوەڕاستی مانگی 6/1997 دەرچووە. ژمارە: (6)ی لە رۆژی شەممە 6/9/1997 دەرچووە. خاوەنی ئیمتیازەکان یەك بە دوای یەك: شەمام شەوقی، رووناك رەئوف سەعید، راگەیاندنی یەکێتی ژنانی کوردستان. سەرنووسەرکان یەك بەدوای یەك: هاوژین مەئمی، روناك فەرەج، پەیمان عیزەدین، سەیوان رۆستەم ئەفراسیاب. ژمارە: (65)ی لە رۆژی 5/6/2000 دەرچووە. ژمارە: (132)ی لە رۆژی 1/12/2003 دەرچووە. ژمارە: (350)ی لە رۆژی 28/12/2008 دەرچووە. ژمارە: (441) لە رۆژی یەکشەممە 14/11/2010 دەرچووە. بەگوێرەی ئەم ژمارەیە تیراژ پێنج هەزار دانەیە. پێوانە: شێوە رۆژنامەی ئاسایی گەورە و وێنەدارە. ئەم رۆژنامەیە لە ناو یازدە ساڵ تەمەنیدا ژمارەیەکی زۆر پاشکۆی تایبەتی جۆراوجۆری دەکردووە بەو ناوانە(پاشکۆی ئەدەب و هونەر، رۆژنامەگەریی، دەستوور، تایبەت بە هەڵبژاردن...).


ژیانەوە
Zhyanawa
www.zhyanawa.com

دژی فرەژنی
لەسلێمانی رێپێوان دەکرێت

بەقەدەغەکردنی فرەژنی، کوردستان دروشمی دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ جێبەجێدەکات

تەنها لەزیندانەکانی سلێمانیدا
چل پیاو لەسەر توندوتیژیی بەرامبەر بەژنان حوکمدراون

چەمچەماڵ
چوار بنکەی نەخوێندەواریی بۆ ژنان دەکرێتەوە

# ئایندە

## 1997-سلێمانی

سەرەتا (بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە)، پاشان بۆتە: (ڕۆژنامەیەکی مانگانەی ڕۆشنبیری گشتییە)، لە دواییشدا بووەتە: (ڕۆژنامەیەکی تایبەتە بە ژنان) مانگی دووجار (یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان) دەریکردووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی. سەرەتا ناوبەناو لاپەڕەیەك یان بەشێکی تایبەتی ڕۆژنامەکەی بەزمانی عەرەبی دەرکردووە. ژمارە: (0)ی ئەزموونی لە 1997/6/20 بە 4 لاپەڕەی شێوە ڕۆژنامەی بچووك دەرچووە. ژمارە: (7)ی لە 1998/1/16 دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز: بەیان نوری تۆفیق. سەرنووسەر: کەوسەر ئیسماعیل سنجاوی. پاشتر سەرنووسەر بۆتە: بێخال ئەبوبەکر و، دوای ئەویش بۆتە: هەتاو محەمەد ساڵح. لە کۆتاییشدا: هەلالە محەمەد ئەلماس. ژمارە: (56)ی لە مانگی 2003/3 دەرچووە. ژمارە: (127)ی ساڵی دوازدەیەم لە ڕۆژی 2008/12/25 دەرچووە. پێوانە: 4 ژمارەی یەکەم بە 4 لاپەڕە و لە ژمارە: 5یەوە بە 8 لاپەڕە دەرچووە.


ئایندە

# ژیانی ئازاد

## سلێمانی-1997

ڕۆژنامەیەکی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، گشتیی ژنانە. لە شاری سلێمانی دەرچووە. لە ژمارە: (0)یەوە دوو هەفتە جارێك و، لە ژمارە: (10)یەوە بە بەردەوامی هەفتانە دەرچووە. پاشان لە ژمارە: (106)یەوە جارێکیتر دوو هەفتە جارێك دەرچووە لە (104) ژمارەی یەکەمینیدا نووسراوە: (ئۆرگانی یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان)ە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (0)ی لە ڕۆژی دووشەممە 1997/7/7 دەرچووە، ژمارە: (10)ی لە ڕۆژی 1997/12/8 دەرچووە و تا ڕۆژی 1999/11/15 هەمووی بەسەریەکەوە، جگە لە ژمارە: (0) گەیشتووە بە (104) ژمارە و، ئیتر لەوە بەدوا داخراوە و ڕێگەی چاپ و بڵاوبوونەوەی لێگیراوە. ساڵی 2000یش تەنیا ژمارە: (105)ی بەمێژووی 2000/9/8 لە سلێمانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە. پاشان جارێکیتر دەست بەئامادەکاری دەرچوونەوەی کراوە و ژمارە: (106)ی لە ڕۆژی 2001/1/31 دەرچووە و بەنهێنی بڵاوکراوەتەوە، ژمارە: (132) دوا ژمارەیەتی و لە ڕۆژی پێنجشەممە 28ی ڕەشەممەی 2002 دەرچووە. ژیانی ئازاد بە ژمارە (0) و ژمارە تایبەتیەکانییەوە بەگشتی (133) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. پێوانەی سەرجەم ئەو ژمارانەی بەئاشکرا دەرچوون بریتیین لە 4 لاپەڕەی پێوانە گەورە، تەنیا دوو ژمارەی سەرەتای ساڵی 1999ی نەبێت، کە بە پێوانەی بچووك دەرچوونە. هەروەها ژمارە: (105) بە پێوانەی بچووك و لەگەڵ سەرجەم ئەو ژمارانەیتری کە بە نهێنی بڵاوکراوەنەتەوە پێوانە بچووکن و سەرجەم ژمارەکان لە نێوان 4 تا 16لاپەڕەن. بەرپرسیاران و نووسەران، ئەوانەی کە هەریەکەیان بۆ ماوەیەك کاروباری ڕۆژنامەکەیان هەڵسوڕاندووە، یاخود لە ڕۆژنامەی (ژیانی ئازاد) کاریانکردووە بریتین لە: چنوور گەرمیانی (شیرین جاف)، نیهایەت عومەر، نالین، هیران خۆشناو، دڵشا یوسف، ڕێژین عومەر، هەرمێ هەڵەبجەیی، شلێر فەتاحی، کوردە، ستارە عارف، ئەستێرە جەبار و ژمارەیەکیتر. ڕۆژنامەیەکی وێنەدارە. ئەو ژمارانەی بە

ئاشکرا دەرچوون لە ژمارە (0) تا (105) لە چاپخانەکانی (دلێر و سەرکەوتن) لە شاری سلێمانی و لە ژمارە: (106) بە دوا لەچاپخانەی (ئازادی) لەسەر سنووری باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان چاپکراون.


ژیانی ئازاد
ئازاد بوونی ژنی کورد ئازاد بوونی کوردستانە
ئۆرگانی یەکیتی ئازادی ژنانی کوردستان YAJK
دووشەممە ژمارە (3) (25)ی ئەب (1997) ز (2697)ی کوردی
ئاخافتنی سەرۆکی نەتەوەیی بە بۆنەی یادکردنەوەی شەهید هەڤال زیلان

المشكاة

**هەولێر**-1997

بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری پەروەردەییە. دەستەیەك لە قوتابیانی کچ لە هەولێر دەریانکردووە. زمان: عەرەبی. ژمارە: (1)ی لە ساڵی 1997 دەرچووە. ژمارە: (4)ی لە مانگی 11⁄1997 دەرچووە.

# مافی ئافرەت

## هەولێر-1998

(گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی تایبەتە بە ئافرەتان)، (لیژنەی نێودەوڵەتی ئاسایش و هاریکاری ئەوروپی) لە شاری هەولێر دەریکردووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین" و عەرەبی. رێنووس: ئارامی. خاوەنی ئیمتیاز یەك بەدوای یەك: داود باغستانی – سۆلاڤ ئەحمەد – سەوسەن ئیبراهیم – سۆلین حوسێن. سەرنووسەر: سۆلاڤ ئەحمەد. دەستەی نووسەران: رێناس عەلی، مەدیحە هەمەوەندی، سنوور محەممەد. لە ژمارە (2)یدا سنوور محەممەد ناوی لەگەڵ دەستەی نووسەران نەماوە. ژمارە: (0)ی لە رۆژی 1998/4/1 بە 32 لاپەڕە دەرچووە. ژمارە: (1)ی لە رۆژی 1998/5/1 دەرچووە. ژمارە: (2)ی لە رۆژی 1998/6/1 دەرچووە. ژمارە: (3)ی لە رۆژی 1998/9/1 دەرچووە. ژمارە: (10)ی لە رۆژی 1999/4/10 دەرچووە. پێوانە: گەورە، وێنەدار و بەرگ رەنگینە. تا ساڵی 1999 نزیکەی 12 ژمارەی لێدەرچووە.



# بانگەشەی ڕاستی

## سلێمانی-1998

سەرەتا (بڵاوکراوەیەکی گشتی ئیسلامییە)، دواتر بووەتە (گۆڤارێکی گشتی ئیسلامییە). شوێنی دەرچوون: سلێمانی. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (0)ی لە مانگی 1و2⁄1998 دەرچووە. ژمارە: (4)ی لە مانگی 9و10⁄1998 بە 54 لاپەڕە دەرچووە. ژمارە: (5)ی لە مانگی 11و12⁄1998 دەرچووە، بەگوێرەی ئەم ژمارەیە (دەستەیەك لە ئافرەتانی سوننەت و جەماعەت) دەریانکردووە. ژمارە: (6)ی لە مانگی 1و2و3⁄1999 بە 70 لاپەڕە دەرچووە و لەو ژمارەیە بەدوا مۆڵەتی یاسایی دەرچوونی پێدراوە، کە خاوەنی ئیمتیاز: شەهلا خالید مستەفا و سەرنووسەر: بەیان فاتیح محەممەد. ژمارە: (7)ی لە مانگی 4و5و6⁄1999 دەرچووە. ژمارە: (8)ی لە 1999 دەرچووە. ژمارە: (9و10)ی بە یەکەوە لە بەرگێکدا لە ساڵی 1999-2000 دەرچووە.



## یاشامدا ئۆزگورکادن

## 1998-ئەستەنبوڵ

یاشامدا ئۆزگور کادن = لەژیاندا ژنی ئازاد: گۆڤارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، گشتی، مانگانەی ژنانە. (ناوەندی بڵاوکردنەوەی هێڤی) بەدروشمی (ژنی ئازاد - نیشتمانی ئازادە) لە ئەستەنبوڵ دەریکردووە. زمان: تورکی. ژمارە: (1)ی لە مانگی 1⁄1998 دەرچووە، ژمارە: (12) لە مانگی 12⁄1998 دەرچووە، ژمارە: (25)ی دوا ژمارەیەتی کە من بینیومە لە مانگی 2⁄2000 دەرچووە و پاشان داخراوە. خاوەنی ئیمتیاز: سورەییا باڵتا و لە 1999 بووەتە: گولتەن بایشو. بەڕێوەبەری کاروباری نووسین: سەمانوور ئۆزەل. لە ژمارە: (3)وە بووەتە: تۆلای بالجی و لە ساڵی 1999 بووەتە: بیرسەن باکرای. ژنە سیاسەتمەداری ئەوکاتەی زیندانی کراوی کورد (لەیلا زانا) لەزیندانەوە بۆ ئەو گۆڤارەی دەنووسی. پێوانە: سەرجەم ژمارەکانی 48 لاپەڕەی گەورە و وێنەدار و بەرگ ڕەنگینن. (چاپخانەی سەرلار - ئەستەنبوڵ).



# نڤار

## سلێمانی-1998

گۆڤارێکی رۆشـنبیری گشـتی وەرزییـە. لـە شـاری سـلێمانی دەرچـووە. زمـان: کـوردی "کورمانجی ناوین". رێنـووس: ئـارامی. خـاوەنی ئیمتیـاز: رێکـەوت عوسمـان مـەجیـد. سەرنووسەر: کازیوە سالّح. ژمارە: (1) لە بەهاری 1998 بە 236 لاپـەڕە دەرچـووە و ژمارە: (8) دوا ژمارەیەتی لە زستانی 2000 دەرچووە، زۆربەی تیراژی ئـەم ژمارەیـە لــە بــازار و پەرتووکخانەکانــدا کۆکراوەتــەوە و رێگەنــەدراوە بلاّوبکرێتــەوە، ئــەویش بـەهۆکاری بلاّوکردنـەوەی وتـارێکی سەرنووسـەرەکەی بـووە لـە ژمـارە (8)دا بـەناوی (ریشەی دەسـەلاّت لـە قورئانـدا)، بۆیـە داوایـەکی یاسـایی لەسـەر تۆمـارکراوە و ئـەم گۆڤارە داخراوە، نەتونراوە هیچ ژمارەیەکیتری لێدەربکرێ، بەدوای ئەو یەکسەر گۆڤـاری (نوێکار) شوێنی (نڤار)ی گرتۆتەوە. لـە هـەر ژمارەیەکـدا دۆسـیەی تایبـەتی بـە ژن و مـەسەلەکانی بلاّوکراوەتەوە. یەکەمین گۆڤاری هزری گشتی ژنانی کوردە.




## ژن و ژیار - المرأة و الحضارة

### 1998-هەرێمی زاگرۆس

گۆڤارێکی سیاسی و ڕۆشنبیری گشتی ژنانە. بەشی سەربازی یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان دوو ژمارەی یەکەمینیان بەناوی (ژن و ژیار لە بناری زاگرۆس) لە چیاکانی هەرێمی زاگرۆسی باکووری کوردستان (جۆلەمێرگ) و، ژمارەکانیتری دواتریان لە چیای قەندیل لە باشووری کوردستان بەناوی (ژن و ژیار) دەرکردووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین و کورمانجی ژووروو" و عەرەبی و تورکی. ڕێنووس: ئارامی و لاتینی. ژمارە: (1)ی لە بەهاری 1998 دەرچووە، ژمارە: (7)یش دوا ژمارەیەتی لە پایزی 1999 دەرچووە. پێوانە: گەورە و وێنەدارە.

## خانمی کورد

### 1999-هۆڵەندا




بڵاوکراوەی یەکێتی ژنانی کوردی هۆلاند. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین" و هۆلەندی. ژمارە: (1)ی ساڵی یەکەم لە سەرەتای 1999 دەرچووە. ژمارە: (1)ی ساڵی سێیەم لە مانگی 2/2001 دەرچووە. ژمارە: (2)ی ساڵی چوارەم لە مانگی 2/2002 بە 16 لاپەڕە دەرچووە، کە 11 لاپەڕەی بە کوردی و 5 لاپەڕەی بە زمانی هۆلەندییە. پێوانە: شێوە ڕۆژنامەی بچووک و وێنەدارە.

# ژن و ژیان

## 1999-ئەستەنبوڵ

(گۆڤـاری مانگانـەی ژنـانی کـوردە). دروشـم: (لـە دژی کـەدخواریا چـینی جنسـی و نەتەوی). شوێنی دەرچوون: ئەستەنبوڵ. زمان: تورکی و کـوردی "کورمـانجی ژووروو". ڕێنووس: لاتینی. خاوەنی: نەڤین ئیل. بەرپرسـیاری نووسـەران: یەتـەر پـۆلات، لـە دوای ئـەو: سـەڤال کـارا. ئامادەکـاری تـەکنیکی: ژیـان. ژمـارە: (1) لـە سـەرەتای 1999 دەرچـووە، ژمـارە: (4) لـە مانگـەکانی 7و8و9/1999 دەرچـووە، ژمـارە: (5) لـە مـانگی 10و11/1999 دەرچووە، ژمارە: (8) سـالّی دووەم لـە 2000 دەرچـووە، ژمـارە: (13) سـالّی 3 لـە مانگـەکانی 2و3و4/2001 دەرچـووە. چـاپخانە: (یۆن - ئەسـتەنبوڵ). پێوانـە: گەورەیـە. بـەرگ ڕەنگـین و وێنـەدراە. دوای داخرانی گۆڤاری (ژن و ژیان نـوو) شـوێنی ئەوی گرتۆتەوە.



## لاوێژ / ئاوێزە

## 1999-هەولێر



لاوێژ
LAWEJ
ئافرەت نیوەی جیهانە یەکەم مامۆستای ژیانە
ژمارە (٦)ی ئابی ساڵی ١٩٩٩ - گەلاوێژی ٢٦٩٩ی کوردی
بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری مانگانەیە... لقی هەولێری (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) دەری دەکات
لە ٥٣ ساڵەی تەمەنی پارتی درود بۆ بارزانی نەمر
بیرمان
هەواڵ و چالاکی

(بڵاوکراوەیـــــەکی رۆشـــــنبیری مانگانەیە، لقی هەولێری یەکێتی ئافرەتـــــانی کوردســـــتان) دەریکـــردووە. دروشمـــی لاوێـــژ: (ئـافرەت نیـوەی جیهانـە، یەکـەم مامۆستای ژیانە). زمان: کوردی "کورمـــانجی نـــاوین". رێنـــووس: ئارامی. ژمارە: (1)ی لە مانگی 1999/3 دەرچـــووە. ژمـــارە: (6)ی لـــە مـــانگی 1999/8 دەرچـــووە.پێوانـــە: 12 لاپـــەڕەی فۆلسکابە. ئەم بڵاوکراوەیـە دواتـر ناوەکـــەی گـــۆڕاوە و بووەتـــە (ئاوێزە).

## دەنگی خانمان

## 1999-سلێمانی

بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری مانگانەیە. (یەکێتی خانمانی سەربەخۆی کوردستان) لە ساڵی 1999-2000 لە شاری سلێمانی دەریکردووە. زمـان: کـوردی "کورمـانجی نـاوین". رێنووس: ئارامی.

# دەنگێ ژیان

## لوبنان-1999

گۆڤارێکی سیاسی گشتی ژنانە. بە زمانی عەرەبی و کوردی دەرچووە. شوێنی دەرچوون: بەیروت - لوبنان. لە سەرەتا بەناوی نوێنەرایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پارتی ژنانی کرێکار پاشان بەناوی پارتی ژنانی ئازاد و لە دوایشدا بەناوی پارتی ئازادی ژنانی کوردستان دەرچووە. ژمارە: (1)ی لە مانگی 3⁄1999 دەرچووە، ژمارە: (18) لە مانگی 3و4⁄2009 دەرچووە. پێوانە: گەورە و وێنەدار و ڕەنگینە.



# ڕەها

## سلێمانی-1999

(گۆڤارێکی ڕۆشنبیری سیاسی کۆمەڵایەتییە)، (وەرزییە تایبەتە بە کێشەی ژنان). دروشمی گۆڤار: (ئازادی ژن پێوەری ئازادی کۆمەڵگایە). ژمارە: (0) ساڵی یەکەم 1999 بە 48 لاپەڕە دەرچووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین" . ڕێنووس: ئارامی. سەرنووسەر: کەژاڵ حەمە ڕەشید. پیتچنین و نەخشەسازی: مەڵبەندی کۆمپیوتەری تیشك. پێوانە: گەورە و وێنەدارە.



## 8 مارس

## 2000-سلێمانی

(بڵاوکراوەیەکی تایبەتە) ساڵنامەیەکی تایبەتی یەکێتی ژنانی کوردستانە بەبۆنەی (8)ی مارسەوە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین" . ڕێنووس: ئارامی. ژمارە: (5)ی لە رۆژی 2004/3/8 دەرچووە. ژمارە: (6)ی لە رۆژی 2005/3/8 بە 8 لاپەڕە دەرچووە. بەگوێرەی ئەم ژمارە سەرپەرشتیار: سەیران عەبدوڵڵا. ژمارە: (9)ی لە رۆژی شەممە 2008/3/8 دەرچووە. پێوانە گەورە و وێنەدارە.


پیرۆزبێت (٨)ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان

مارس

بەیاننامەی یەکێتی ژنانی کوردستان لەرۆژی جیهانیی ژناندا

ساڵنامەی تایبەتی یەکێتی ژنانی کوردستان بەبۆنەی ٨ی مارسەوە

فیستیڤاڵی (تەوار) بۆ کورتەفیلم

بەرەو ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان

لە (٨)ی مارسدا

پیشانگەیەک بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژنان-دوە

## نوێکار

## سلێمانی-2000




گۆڤارێکی رۆشنبیری وەرزییە. سەرنووسەر: کازیوە ساڵحە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. ئەم گۆڤارە دوای داخرانی گۆڤاری نڤار لەسەر هەمان رێباز دەستی بەدەرچوون کردووە. ژمارە: (1)ی لە هاوینی ساڵی 2000 و ژمارە: (2)ی لە پایزی هەمان ساڵدا دەرچووە. پێوانە: شێوە گۆڤاری ناوەندییە.

## راسان

## سلێمانی-2000

بڵاوکراوەیەکی رۆشنبیری گشتی ئافرەتانە. خاوەنی ئیمتیاز: رێکخراوی ئافرەتانی کوردستان. سەرنووسەر: سروە کاکەجوان. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. ژمارە: (22)ی لە مانگی 10⁄2003 دەرچووە. پێوانە: شێوە رۆژنامەی ناوەندی و وێنەدارە.

# پێگە

## 2000-سلێمانی


لەسەر یەکەم لاپەڕەی ژمارە (1)دا نووسراوە (ڕۆژنامەیەکی گشتی ژنانی ئازادە) دوو هەفتە جارێك دەردەچێت. چەند ساڵێك دواتر بووەتە بە (ڕۆژنامەیەکی گشتی ژنانی ئەهلی ئازادە)، لە دواییشدا بووەتە بە: (ڕۆژنامەیەکی ئەهلی ئازاد) شوێنی دەرچوون: سلێمانی. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی. خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر: بەناز کوێستانی. ژمارە: (0)ی لە 2000/3/8 دەرچووە. ژمارە: (1)ی لە 2003/10/26 دەرچووە، ژمارە: (22)ی لە ڕۆژی 2004/11/25 دەرچووە. پێوانە گەورە و وێنەدارە. بەشێك لە ژمارەکانی بە ڕەنگا و ڕەنگی چاپکراون.


پێگە
کۆنفرانسی ڕێکخراوەکانی ژنان - ئافرەتان لەژێرناوی ژن و بەشداری سیاسی بەڕێوە چوو...!
بەناز کوێستانی
jeneral news paper of free women, Issued evere two weeks.
راگەیاندنی ڕێکخراوێکی ژنان لەدژی کوشتن لە پێناو شەرەفدا
شیرین ئامێدی:
ئەمرۆ کچەکەی من کەلەرەوزیە دەیووت هۆدە سدام نەرۆیشت. کچەکەی من تەمەنی نەبووە پەسێ ساڵ حەزی دەکرد ڕەسمەکەی سدام بدرێنێ. ل٥
کۆنترۆڵ کردنی ئەوی تر و هاوکێشەی کۆمەڵایەتی ژن لەناو پێگەی ژیانی ئێمەدا...... ل٦
دامەزراندنی ڕێکخراوی ژنانی عێراقی
ریپۆرتاژ ل٣ ئەمن ئەوەمن ژن لەرۆژنامەکاندا!!
لەئەوەی ئەم ژمارەیەدا...
بە ئازادی دەرچوونی بڵاوکراوەی ژنان ئەرکێکی گرنگی ئەم قۆناغەیە
ڕوونکردنەوە

# رۆناهی

## 2000-هەولێر

(یەکەمین گۆڤاری کۆمەڵایەتی کوردییە). لەلایەن رێکخراوی کۆمەڵایەتی (رۆناهی) دەرچووە. شوێنی دەرچوون: هەولێر. زمان: کوردی "کورمانجی ژووروو و کورمانجی ناوین". ژمارە: (1)ی لە ساڵی 2000 دەرچووە. بەرپرسیاری گشتی: ژیان میرانی. ژمارە: (50)ی لە ساڵی 2007 دەرچووە. پێوانە: گەورە و وێنەدار و رەنگینە.



# رێوان

## 2001-سلیمانی


رۆژنامەیەکی رووناکبیری سەربەخۆیە. (سەنتەری راگەیاندن و رووناکبیری ژنان) دوو هەفتە جارێك دەریکردووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. هەروەها لەگەڵ هەر ژمارەیەك (2 یا 4) لاپەڕەشی وەك پاشکۆ بە زمانی عەرەبی دەرکردووە. ژمارە: (2)ی لە رۆژی هەینی 2001/6/1 دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز: رووناك رەئوف. سەرنووسەر: هاوژین مەنمی. جێگری سەرنووسەر: رووناك فەرەج رەحیم. دواتر رووناك فەرەج بووەتە سەرنووسەر و هانا شوان بووەتە جێگری سەرنووسەر. ژمارە: (68)ی لە 2003/2/16 دەرچووە. ژمارە: (159)ی لە رۆژی 2007/11/16 دەرچووە. ژمارە: (171)ی لە رۆژی 2008/6/1 دەرچووە. ژمارە: (185)ی لە رۆژی 2009/2/1 دەرچووە و بە گوێرەی ئەو ژمارەیە هانا شوان وەك سەرنووسەر نوسراوە. پێوانە: 8 تا 12 لاپەڕەی گەورە و وێنەدارە.


REWAN
رێوان
3« 4«
کچانی (مارە براو) نیگەرانن لە کارەکانی پارلەمان
سەنتەر کار بۆ بە سزاگەیاندنی بکوژانی بەناز دەکات
پیاوان لە رێکردنیشدا هەڕەشە لەئافرەتان دەکەن
ژنێک بوە سەرۆک کۆمار
بیوەژنەکان روبەروی توندوتیژی دەبنەوە

# شاووشکا

## هەولێر-2001

(گۆڤارێکی رۆشنبیری وەرزییە تایبەتە بە ئافرەتان)، (سەنتەری شاووشکا بۆ چالاکی رۆشنبیری) دەریکردووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. خاوەنی ئیمتیاز: د.سوهام نەجار. سەرنووسەر: د.کوردستان موکریانی. ژمارە: (1)ی لە جۆزەردانی ساڵی 2001 دەرچووە. ژمارە: (8)ی لە گەلاوێژی ساڵی 2003 دەرچووە. ژمارە: (28)ی لە ساڵی 2008 دەرچووە. ژمارە: (39) لە ساڵی 2010 دەرچووە. سەرجەم ژمارەکان پێوانە گەورە و برەنگین و وێنەدارن.



## دەنگێ ژنان

### رووسیا-2001

گۆڤارێکی سیاسی ژنانی کوردە. یەکەم ژمارەی لە ساڵی 2001 بە زمانی روسی لە مۆسکۆ دەرچووە. ژمارە: (7)ی لە مانگی 3⁄2005 دەرچووە. پێوانە: گەورە و وێنەدار و رەنگینە.




## رۆشنایی

### باشووری کوردستان-2002

رۆژنامەیەکی سیاسی ژنانە: (تەڤگەری ژنانی ئازادی کوردستان) لە چیای قەندیل دەریکردووە. دەستەی وەشان: ستارە عارف، داستان، پەروەر. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. ژمارە: (1)ی لە رۆژی دووشەممە 2002⁄4⁄15 دەرچووە و چەند ژمارەیەکی کەمی لێدەرچووە. پێوانە: 16 لاپەڕەی بچووک و وێنەدارە.

# ژنان

## 2002 (باشووری کوردستان)

گۆڤاری یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. سێ مانگ جارێك لە ژێر دروشمی (ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ) دەرچووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی. پێوانە: گەورە و بەرگ ڕەنگین و وێنەدارە. ژمارە: (1)ی لە ڕەشەمەی 1380ی هەتاوی بەرامبەر مانگی 3⁄2002 دەرچووە. ژمارە: (2)ی لە مانگی 6⁄2002 دەرچووە. ژمارە: (7)ی لە مانگی 11⁄2003 دەرچووە. دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤار: خەدیجە مەعزوور، کوێستان فتووحی، عیسمەت نستانی، نەسرین حەسەن زادە. ژمارە: (15) لە ساڵی 2006 دەرچووە. دوای دابەشبوونی حزبی




دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دوو باڵ، یەکێتی ژنانی دیموکراتیش بووەتە دوو باڵ، کە ژمارە: (16)ی گۆڤاری (ژنان)ی باڵی (عەبدوڵڵا حەسەن زادە) لە مانگی 2⁄2007 دەرچووە، بەڵام ژمارە: (16)ی باڵی (مستەفا هیجری) لە مانگی 3⁄2007 دەرچووە. ئەم دوو ژمارە (16)یە، یەکەم ژمارەن، دوای دوو بەشبوونی ڕێکخراوەکەیە. لە گۆڤاری

(ژنان)ی هێڵی (حەسەن زادە) دەستەی گۆڤار سەرجەمیان وەکو خۆیان ماونەتەوە و (شنۆ مێهرپەروەر) لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤار زیادکراوە. بەڵام لە ژمارە: (18)دا شنۆ نەماوە و (حەلیمە ڕەسووڵی) زیادبووە. بەڵام لە هێڵی (مستەفا هیجری) بەگوێرەی ژمارە: (21) کە لە خەرمانانی 1387 دەرچووە، دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤار بەمجۆرەیە: هێرۆ جەلـدیانی، چنوور قادری، ئیلهام چاپچی. لەم ژمارەیەدا چەند لاپەڕەیەك تایبەت بە کورمانجی ژووروو و لاتینی تێدا بلاوکراوەتەوە.

ژمارەکانی دوای دووبەشبوون بەمجۆرە دەرچوونە:

ژمارەکانی گۆڤاری (ژنان)ی یەکێتی ژنانی دیموکراتی سەر بە باڵی عەبدوڵڵا حەسەن زادە: ژمارە: (16) 2007/2، ژمارە: (17) 2007/6، ژمارە: (18) 2007/12، ژمارە: (19) 2008/7.

ژمارەکانی گۆڤاری (ژنان)ی یەکێتی ژنانی دیموکراتی سەر بە باڵی مستەفا هیجری بەمجۆرە دەرچوونە: ژمارە: (16) 2007/3، ژمارە: (17) 2007/6، ژمارە: (18) 2007/11، ژمارە: (19) 2008، ژمارە: (20) 2008/7، ژمارە: (21) 2008/10، ژمارە: (22) 2008/12.

## تانریچە زیلان (خواوەند زیلان)


## 2002-باشووری کوردستان

گۆڤار، ڕۆشنبیری، سیاسی، مانگانە. (بەشی ڕاگەیاندنی پارتی ژنانی ئازاد) لە چیای قەندیل لە باشووری کوردستان دەریکردووە. ژمارە: (1) لە مانگی 2002/1 دەرچووە و چەند ساڵێك بەردەوامبووە لە دەرچوون. زمان: کوردی "کورمانجی ژووروو" و عەرەبی و تورکی. بەرپرسیاری بەشی کوردی و عەرەبی: ڕەنگین ئامێدی. بەرپرسی بەشی تورکی: ئەکین. پێوانە: گەورە و وێنەدارە.

# ژن و ژیان نوو

## 2003-ئەستەنبوڵ

(گۆڤاری مانگانەی ژنانی کوردە). دروشم: (لە دژی کەدخواریا چینی جنسی و نەتەوی). شوێنی دەرچوون: ئەستەنبوڵ. زمان: تورکی و کوردی "کورمانجی ژووروو". ڕێنووس: لاتینی. خاوەنی: نەڤین ئیل. بەرپرسیاری نووسەران: یەتەر پۆلات، لە دوای ئەو: سەڤال کارا. ژمارە: (1) لە لە ساڵی 2003 دەرچووە، ژمارە: (2) لە مانگەکانی 8و9و10/2003 بە 52 لاپەڕە دەرچووە. چاپخانە: (یۆن - ئەستەنبوڵ). پێوانە: گەورەیە. بەرگ ڕەنگین و وێنەدراە.



# خاتووزین

## هەولێر -2003

(گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی مانگانەی تایبەت بە پرسەکانی ئافرەت و منداڵە، سەنتەری خاتووزین بۆ چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەریدەکات). شوێنی دەرچوو: هەولێر. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". ڕێنووس: ئارامی. خاوەنی ئیمتیاز: نازناز محەمەد عەبدولقادر. سەرنووسەر: چلورە هەردی. ژمارە: (1)ی لە ڕۆژی 29ی خەرمانانی 2703ی کوردی (2003)ی زایینی دەرچووە. ژمارە: (44)ی لە ڕەزبەری 2708ی کوردی (2008)ی زایینی دەرچووە. ژمارە: (45)ی لە گەلاڕێزانی 2708ی کوردی (2008)ی زایینی دەرچووە، ژمارە: (57) لە مانگی 7/2010 دەرچووە. پێوانە گەورە و وێنەدار و ڕەنگینە.



# ئیشتار (عەشتار)

## 2003-ئامەد


(گۆڤاری ژنان) دوو مانگی تایبەت بە ژنان. شوێنی دەرچوون: ئامەد "دیاربەکر". زمان: تورکی و کوردی "کورمانجی ژووروو" ڕێنووس: لاتینی. خاوەن و بەڕێوەبەری گشتی: پارێزەر حامیەت چەلەبی ئیزۆل. بەڕێوەبەری کاروباری نووسین: پارێزەر ئایشە ئەسلان پەتەککایا. دەستەی نووسەران: (خەندان، ئایشە، سولتان، زەلال، حامیەت، ڕەحیمە). ژمارەکانی: (1) لە مانگی 11و2003/12 دەرچووە، ژمارە: (2) لە مانگی 1و2004/2 دەرچووە بە 60 لاپەڕە دەرچووە، ژمارە: (3) لە مانگی 3و2004/4 بە 60 لاپەڕە دەرچووە، ژمارە: (4) لە مانگی 5و2004/6 بە 54 لاپەڕە دەرچووە. پێوانە: شێوە گۆڤاری گەورەیە، وێنەدارە. (چاپخانەی بارش - ئامەد).



## ڤاکاد بولتەن

## وان-2004

بولتەنی (کۆمەڵا ژنێن وانێ - KJW). زمان: کوردی "کومـانجی ژووروو"، تـورکی، ئینگلیزی. وێنەدارە. تەنیا (3) ژمارەی لێ دەرچووە لەساڵی 2004دا. وێنەدارە.




## بەربانگ؟

## ئەرمینیا-2004



ڕۆژنامەیـــەکی سیاســـی ژنــانی کــوردە بــەزمانی ئەرمــەنی لــە یــەریڤان-ی پایتــەختی ئــەرمینیا لــە ســەرەتای ســاڵی 2004 دەرچووە. وێنەدارە.

# باران

## 2004-كەركوك

(پاشـكۆیەكی هەفتەنامـەی هەواڵـە بـۆ كاروبـاری ژنـان). شـوێنی دەرچـوونی شـاری كەركوكە. بەسەرپەرشتی: شەهلا مەحمود. پێوانەی هەر ژمارەیەك 4 لاپەڕەی وێنـەدارە. ژمـــارە: (2)ی لـــە ڕۆژی 31⁄1⁄2004 دەرچـــووە. ژمـــارە: (41)ی لـــە ڕۆژی 28⁄4⁄2007 دەرچووە.


باران

کاری ڕێکخراوەکانی ژنان و بۆچوونی خەڵك بەرامبەریان

٤٧٪ژنانی ئێران لە چات ڕوومەکانن

کچێك لە ئیعدام ڕزگاری بوو

ڕەنگە کچێکی کورد ببێتە شاجوانی کانادا

# ترووسکە

## 2004-کەرکوك / سلێمانی


(رۆژنامەیەکی رۆشنبیری تایبەتە بە ژنان پازدە رۆژ جارێك بە چاپ دەگات). سەرەتا لە کەرکوك دەرچووە و دوای ماوەیەك وەستان ئەمجارە لە سلێمانی دەستیکردۆتەوە بەدەرچوون. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. خاوەنی ئیمتیاز: ئەستێرە عەبدولجەبار. سەرنووسەر: ستارە عارف، دواتر سەرنووسەر: رووناك عوسمان. ژمارە: (1)ی لە ساڵی 2004 دەرچووە. وێنەدارە: لە سلێمانی لە چاپخانەی ئۆفسێتی دەزگای سەردەم چاپکراوە. ژمارە: (14)ی لە رۆژی 2005/3/7 دەرچووە. ژمارە: (26)ی لە رۆژی 2008/4/30 دەرچووە.(36)ی لە رۆژی 2008/10/15 دەرچووە، ژمارە: (55) لە رۆژی 2009/9/15 دەرچووە.


ترووسکە
پیرۆزبایی
لە دنیادا ١٠٠ ملیۆن ژن بێ سەروشوێنن
یادی ١٠٠ مین ساڵەی کۆچی دوایی یەکەمین ژنە رۆژنامەوانی کورد کرایەوە
لە شاری هەولێر ئەکادیمیای زانستی تەکنەلۆژیا کرایەوە
ئەمڕۆ یەکەم رۆژی خوێندنی ساڵی ٢٠٠٩_٢٠١٠ دەست پێدەکات
هێرشەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ سەر رۆژنامەوانانی ژن بەردەوامە
لە ماوەی شەش مانگدا بەهۆی سوتانەوە ٣٥ کەس مردن و ٧٥ کەسی دیکە بریندار بوون

## مۆر قەڵەم (قەڵەمی مۆر)

## وان-2004

گۆڤاری، گشتی، ژنان: ئۆرگانی راگەیاندنی کۆمەڵەی ژنانی وان. شوێنی دەرچوون: وان. زمان: تورکی. خاوەنی: زۆزان ئۆزگۆکچە. بەڕێوەبەری گشتی وەشان: زەلال ئۆزگۆکچە. دەستەی وەشان: ئالێڤ شاهار، گوڵسەرەن دەمیر. دەستەی نووسەران: یەلیز مونگەن، جەمیلە ئۆزگۆکچە، سەعدییە ئۆزگۆکچە. ژمارە: (1)ی ساڵی یەکەم لە مانگی 9و2004/10 بە 40 لاپەڕە دەرچووە. ژمارە: (2)ی لە مانگی 10و2004/11 دەرچووە. ژمارە: (3)ی ساڵی دووەم لە ساڵی 2005 دەرچووە. (چاپخانە: باران ئۆغلو - وان). پێوانە: گەورە و وێنەدارە.




# هێلین

## دهۆك-2004

(گۆڤارێكی وەرزییە، بایەخ بە ئافرەت و كۆمەڵگا دەدات). بە هاوكاری (ڕێكخراوی دیاكۆنیای سوێدی) دەرچووە. دواتر نووسراوە: (دەزگای سپیرێز بەهاوكاری ڕێكخراوی دیاكۆنیای سوێدی) دەریكردووە. شوێنی دەرچوون: دهۆك. زمان: كوردی "كورمانجی ژووروو". ڕێنووس: ئارامی. خاوەنی ئیمتیاز: دیاكۆنیا. سەرنووسەر: چنار عەلی مەندی. دەستەی نووسەران بەگوێرەی یەكەم ژمارە: بەشار كیكی، ڤیان سلێمان سلێڤانەیی، زۆزان سادق تروانشی، عایشە شەوكەت، پەروین عەبدولعەزیز. بەگوێرەی ژمارە: (6): زۆزان سادق تروانشی، عایشە شەوكەت، پەروین عەبدولعەزیز، هەلز عەلی سەلیم، شیوەن محەممەد ساڵح. ژمارە: (1)ی لە پاییزی 2004 دەرچووە. تا ئێستا (6) ژمارەی لێدەرچووە. لە پێوانە: گەورە و وێنەدار و ڕەنگینە.



# راسان

## سنە-2005

(مانگنامەی کۆمەڵایەتی، کولتووری، رامیاری، ئابووری). زمان: کوردی "کورمانجی ناوین" و فارسی. رێنووس: ئارامی. سەرنووسەر: روئیا تلوعی. دەستەی نووسەران: نگین شێخولئیسلامی، فاتیمە ئەردەلان، نەسرین خانزادی، پڕشنگ بابایی. ژمارە: (1) ساڵی یەکەم لە مانگی گوڵانی 2705ی کوردی (2005)ی زایینی دەرچووە و وەك مانگنامەیەکی ژنان هەمووی (5) ژمارەی لێدەرچووە و بەهۆی هەڵاتنی سەرنووسەرەکەی بۆ دەرەوەی ئێران راوەستاوە، دواتر لە شاری سەقز وەك مانگنامەیەکی گشتی بۆ ماوەیەك بڵاوکراوەتەوە. پێوانە: شێوە رۆژنامەی گەورەیە. وێنەدار و رەنگینە.



## بەرەو 8ی مارس

### 2005-سلێمانی


بەرەو 8 ی مارس 1
بژی 8ی مارس، رۆژی جیهانی ژن.

(بڵاوكراوەیەكی رۆژانەیە، رێكخراوی ئازادی ژن لە عیراق) بۆ پێشوازی لە رۆژی 8ی مارس، رۆژی جیهانی ژنان دەریكردووە. زمان: كوردی "كورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. سەرنووسەر: ناسك ئەحمەد. سەرپەرشتیار: عومەر ئەحمەد. ژمارە: (1)ی لە رۆژی 2005/2/27 دەرچووە. ژمارە: (2)ی لە رۆژی 2005/2/28 دەرچووە. ژمارە: (3)ی لە رۆژی 2005/3/1 دەرچووە. ژمارە: (4)ی لە رۆژی 2005/3/2 دەرچووە. ژمارە: (5)ی لە رۆژی 2005/3/3 دەرچووە. سەرجەم ژمارەكان هەر یەكەیان 2 لاپەرەی شێوە رۆژنامەی ناوەندی و وێنەدارن.

## ژین

### 2005 -مەهاباد

گۆڤارێكە تایبەتە بە ژنان. رێكخراوی خێرخوازی "ژنانی یاریدەدەری نیشتیمان" دەریكردووە. نەسرین جەعفەری و مریەم قازی و چەند ژنێكی دیكە بەشداریان لە دەرچوونی كردووە. زمان: كوردی "كورمانجی ژووروو". رێنووس: ئارامی. یەكەم ژمارەی لە دەوروبەری ساڵی 2005 بڵاوكراوەتەوە.

## نەوایا ژن

### 2006-هۆڵەندا

رۆژنامە، سیاسی، گشتی ژنانە. (پارتی ئازادی ژنانی کوردستان) دەریکردووە. دروشم: (لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانماندا). شوێنی دەرچوون: هۆڵەندا. ئەم رۆژنامەیە دوای وەستانی گۆڤاری (ژنا سەربلند) دەرچووە. ژمارە: (1)ی لە رۆژی 2005/4/4 دەرچووە. ژمارە: (5) لە ساڵی 2005 دەرچووە، ژمارە: (50) لە ساڵی 2009 دەرچووە. زمان: کوردی "کومانجی ژووروو" و تورکی و هۆڵەندی. رێنووس: لاتینی. پێوانە گەورە و رەنگین و وێنەدارە.




## دایك

### 2006-باشووری کوردستان

گۆڤارێکی رۆشنبیری، پەروەدەیی، دایکانە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین" . رێنووس: ئارامی. لە دەوربەری ساڵەکانی 2006-2007 لە باشووری کوردستان دەرچووە.

# کۆماری ڕۆژ

## 2006-کەرکوك

(مانگانەیەکی رۆشنبیری گشتییە)، (دەزگای رۆژ) لـە کـەرکوك دەریکـردووە. دروشمـی گۆڤار: (دەزگای رۆژ بۆ پێگەیاندنی ئافرەت و داکۆکیکردن لـە مافـەکانی). زمـان: کوردی "کورمانی ناوین" و عەرەبی. رێنووس: ئارامی. خاوەنی ئیمتیاز: فازڵ عوسمان رەسوڵ. سەرنووسەر: بوشرا محەمەد زەکی. بەڕێوەبـەری نووسـین: سـەمیرە حوسـێن جـاف. ستافی نووسین: بوشرا حوسێن عەبدولکەریم، هەوار عەبدولڕەحمان. نەخشەسازی: کـاردۆ کـەرکوکی. تایـپ: مریـەم عوسمـان عومـەر، سـۆزان تۆمـا سـلێوە، سـارا کـەمال عەبـدولوەهاب. ژمـارە: (0)ی لـە مـانگی 2006/11 بـە (88) لاپـەڕە دەرچـووە،




ژمـارە: (1)ی لـە مـانگی 2007/2 دەرچووە. ژمـارە: (3)ی لە مانگی 2007/6 دەرچـووە. ژمـارە: (4)ی لـە مانگی 2007/9 دەرچووە. بەگوێرەی ئەو ژمارەیە، نـاوی بەڕێوەبەری نووسـین نـەماوە و لـە جیـاتی ئـەو بەڕێوبـەری کـارگێڕی نووسـراوە: دڵسـۆز رەزا عـەباس. لـە شـوێنی (هـەوار عەبـدولڕەحان)یـش (سـارا بـەهادین ئەحمـەد) چـووەتە نـاو سـتافی نووسـین. پێوانـە: گـەورە و وێنـەدار و رەنگینە.

## ئێمە

## 2006-باشووری کوردستان

گۆڤارێکی رۆشنبیری وەرزانەیە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین" . رێنووس: ئارامی. لە دەوروبەری ساڵی 2006 لە باشووری کوردستان دەرچووە.

## سەدای وێ

## 2007-هەولێر


(بڵاوکراوەیەکی تایبەتییە بە رۆژی "نا بۆ توند وتیژی")، (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) دەریکردووە. هەر لە تەنیشت کلێشەی ئەم بڵاوکراوە تایبەتییە نووسراوە: (سەدای وێ، سەدایەکە بۆ گۆڤارێکی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی گشتی، کە تواناکانی ئافرەتانی کوردتسان دەخاتە ڕوو، ئەویش گۆڤاری "وێ"یە، کە بەشی رۆشنبیری و راگەیاندنی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەریدەکات، لە چەند رۆژێکی داهاتوو دێتە بەردیدی خوێنەران و رۆشنبیرانی بەڕێز). زمان: کوردی "کورمانجی ناوین" . رێنووس: ئارامی. ئەم بڵاوکراوەیە تایبەتییە لە رۆژی 2007/11/25 دەرچووە. پێوانە گەورە و رەنگین و وێنەدارە.



# وێ

## هەولێر-2007

گۆڤارێکی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی گشتییە)، (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) مانگانە دەریکردووە. ژمارە: (1)ی لە مانگی 2007/12 دەرچووە، ژمارە: (3)ی لە مانگی 2008/2 دەرچووە. ژمارە: (12)ی لە مانگی 2008/11 دەرچووە. خاوەنی ئیمتیاز: یەکێتی ئافرەتانی کوردستان. بەرپرسی ئەنجومەنی کارگێڕی: میدیا حەسەن حوسێن. سەرنووسەر: کۆسار کەریم رۆژ. دەستەی نووسەران: ئەحلام مەنسور، چنوورنامیق، سۆلاڤ محەممەد کاکەیی، نەسرین حەسەن. دەستەی پەیامنێران: سەروین محەممەد تەها، سۆزان حەسەن سۆفیان، شەونم رەزا مەحمود. دواتر بەشێك لە ئەندامانی دەستەی نووسەران گۆڕاون. ژمارە: (29و30) بە یەکەوە لە مانگی 5و2010/6 دەرچووە. پێوانە: گەورە و وێنەدارە.



## هێڤیا ژنێ

### ئامەد-2008-2007

گۆڤار، سیاسی، دوو مانگی ژنان. (وەشانخانەی ئەکین) دەریکردووە. شوێنی دەرچوون: ئامەد "دیاربەکر". زمان: تورکی و کوردی "کورمانجی ژووروو" ڕێنووس: لاتینی. خاوەن و بەڕێوەبەری کاروباری نووسین: سولتان سۆنسوز. ژمارە: (1) لە مانگی 12/2007 و مانگی 1/2008 دەرچووە، ژمارە: (2) لە مانگی 2و3/2008 دەرچووە، ژمارە: (3) لە مانگی 4و5/2008 بە 76 لاپەڕە دەرچووە، ژمارە: (5) لە مانگی 9و10/2008 دەرچووە، ژمارە: (7) دوا ژمارەیەتی لە مانگی 1و2/2009 دەرچووە و دوا ئەوە داخراوە. و لە دوای داخرانی (دەنگێ هێڤیا ژنێ) شوێنی ئەوی گرتۆتەوە. پێوانە: گەورەیە، ڕەنگین و وێنەدارە. (چاپخانەی گون – ئەستەنبوڵ).



## رۆژنامەگەریی

## 2008-سلێمانی

(پاشکۆیەکی تایبەتە بە یادی 110 ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی - راگەیاندنی یەکێتی ژنانی کوردستان دەریدەکات). زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. تەنیا یەك ژمارەی تایبەتی لێدەرچووە لە رۆژی سێشەممە 2008/4/22. پێوانە: 4 لاپەڕەی گەورە و وێنەدارە.


رۆژنامەگەریی

ئەم پاشکۆیە بۆ ؟

وەزارەتی رۆشنبیری هونەرکاری رۆژنامەوانی خەڵات دەکات

بەچەندین چالاکی رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی بەرز رادەگیرێت

## ئاگا

## 2008-سلێمانی

مانگنامە، گشتی، ئافرەتان. (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان - ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) دەریکردووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین" . رێنووس: ئارامی. ژمارە: (1)ی لە ناوەڕاستی ساڵی 2008 دەرچووە. ژمارە: (6)ی لە کۆتایی ساڵی 2008 دەرچووە. پێوانە: شێوە رۆژنامە و رەنگین و وێنەدارە.


ئاگا

## گوڵجار

### 2008-سلێمانی



(هەفتەنامەیـــەکی هەمەڕەنگـــە ژیانـــەوە دەریـدەکات). زمـان: کـوردی "کورمـانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. ژمارە: (1)ی لە رۆژی 2/11/2008 دەرچـــووە، ژمـــارە: (99) لــــــــە رۆژی 14/11/2010 دەرچووە. پێوانە: گەورە و وێنەدار و رەنگینە. ئـەم هەفتەنامەیـە هـەر لەلایـەن سـتافی رۆژنامـەی (ژیانەوە) دەرچووە.



## نا

### 2008-سلێمانی

(پاشکۆیەکی تایبەتە "ژیانـەوە" بـۆ هەفتـەی بەرەنگاربوونـــەوەی توندوتیـــژی دژی ژنـــان دەریـدەکات). زمـان: کـوردی "کورمـانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. یـەك ژمـارەی لـە رۆژی یەکشـەمە 22/11/2008 دەرچووە. پێوانـــە: 4 لاپـــەڕەی گـــەورە و وێنـــەدار و رەنگینە.

## دەنگێ هێڤیا ژنێ

### ئامەد-2009

گۆڤار، سیاسی، دوو مانگی ژنان. (وەشانخانەی رۆناهی) دەریکردووە. شوێنی دەرچوون: ئامەد "دیاربەکر". زمان: تورکی و کوردی "کورمانجی ژووروو" رێنووس: لاتینی. خاوەن و بەڕێوەبەری کاروباری نووسین: سیبەل ئەسمەر . ژمارە: (1) لە مانگی 3و2009/4 بە 76 لاپەڕە دەرچووە. پێوانە: گەورەیە، رەنگین و وێنەدارە. (چاپخانەی گون - ئەستەنبوڵ).



# کچان

## هەولێر-2009

(یەکـەمین گۆڤـاری کچـانەی ڕۆشـنبیری گشـتی ئەهلییـە)، (مینبـەرێك بـۆ قەڵـەمی مێینـە). شـوێنی دەرچـوون: هـەولێر. زمـان: کـوردی "کورمـانجی نـاوین". ڕێنـووس: ئـارامی. خـاوەنی ئیمتیـاز: گروپـی سـەهەند بـۆ ڕاگەیانـدن و لێکۆڵینـەوە و گـەنجان. سەرنووسەر: جەلال ئەحمـەد بـەرزنجی. هاوکـاران: کـەژاڵ ئیسـماعیل، سـەروین مسـتەفا گەلاڵی، سۆنیا بەرزنجی. ژمارە: (1) لە ڕۆژی 1⁄5⁄2009 دەرچووە. پێوانـە: گـەورە و وێنەدارە. تیراژ: 3000 دانە.



# وارڤین

## هەولێر-2009


(گۆڤارێکی ژنانەیە، دەزگای وارڤین 15 رۆژ جارێك دەریدەکات). شوێنی دەرچوون: هەولێر. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. بە گوێرەی یەکەم ژمارە خاوەنی ئیمتیاز: لەنجە عەبدوڵڵا. سەرپەرشتیاری رۆژنامەوانی عەبدوڵڵا عەلی. سەرنووسەر: تامان شاکر. جێگری سەرنووسەر: تەنیا کوردی. بەڕێوەبەری نووسین: بەهرە حەمەڕەش. دواتر ستافی گۆڤارەکە بووە بە خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: لەنجە عەبدوڵڵا. جێگری سەرنووسەر: تەنیا کوردی. بەڕێوەبەری نووسین: بەهرە حەمەڕەش. ژمارە: (1) ساڵی یەکەم لە رۆژی 17/7/ 2009 بە 64 لاپەڕە دەرچووە، ژمارە: (29) ساڵی دووەم لە 17/10/2010 بە 38 لاپەڕە دەرچووە. پێوانە: شێوە گۆڤاری گەورەیە. وێنەدار و رەنگینە.



## منی ژن

## سلێمانی-2010

گۆڤارێکی تایبەتە بە ژنان. کچ و ژنانی رۆژنامەوانی بەشدار لە خوولی رۆژنامەوانی لە رێکخراوی میدیای سەربەخۆ دەریانکردووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. پێوانە: گەورە و وێنەدارە.



## بۆ تۆ

## سلێمانی-2010

گۆڤارێکی تایبەتە بە ژنان. دەستەیەك لە کچ و ژنانی رۆژنامەوانی بەشدار لە خوولی رۆژنامەوانی لە رێکخراوی میدیای سەربەخۆ دەریانکردووە. زمان: کوردی "کورمانجی ناوین". رێنووس: ئارامی. پێوانە: گەورە و وێنەدارە.

## لەیلا قاسم-لەیلا زانا

## 2010-هەولێر

(گۆڤارێکی گشتی کولتووری: مێژوویی - زانستی - کۆمەڵایەتی هەمەلایەنی دۆزی ئافرەتانە - وەرزیی ئازادە. دروشم: (ژن: ژیانە). شوێنی دەرچوون: هەولێر. خودانی دەرکردن و سەرنووسەر: مومتاز حەیدەری. ژمارە: (1) لە ڕۆژی 10/10/2010 بە 320 لاپەڕە (291) لاپەڕەی بە کوردی "کورمانجی ناوین" و (20) لاپەڕەی بە عەرەبی دەرچووە. پێوانە: گەورەیە. بەرگ ڕەنگین و وێنەدارە.



- لە بەهاری ساڵی 2000 یەکەم ژمارەی گۆڤارێکی پێوانە گەورە و وێنەدار لە شاری سلێمانی بە زمانی کوردی لە لایەن بنکەیەکی بەرگریکردن لە مافەکانی ژنان لە رزگاری دەرچووە، کە سەربە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بوون، گۆڤارەکە تەنیا یەك ژمارەی لێ دەرچووە. ئەگەرچی کاتی خۆی ئەم گۆڤارەم لە ئەرشیفدا هەبوو، بەڵام ئێستا لە بەردەستم نەماوە!؟
- جگە لەو رۆژنامە و گۆڤارانەی ئاماژەم پێکردینە، ژمارەیەکی زۆر گۆڤاری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گشتی لە باشووری کوردستان دەرچوونە کە ژنان بەشداریان لە دەرچوونیدا کردووە یان رۆڵی گرنگی داوە بە بابەتی ژنان وەك گۆڤارەکانی: نەوە، خێزان، خەون، وەشان، هاوسەر و چەند گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی دیکە.

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

# سەرچاوەکان:

**یەکەم: بۆ رۆژنامەی ( جیهانی ژنان ) و ژیاننامەی نوورییە عولییە مەولان سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**


1- رۆهات ئالاکۆم: کوردەکانی ئەستەمبوولی کۆن (1453-1925)، و: لە تورکییەوە ئەحمەد تاقانە. دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، 2005 هەولێر. لاپەڕە 149-152.

2- A BIOGRAPHICAL DICTIONARY OF women's movements and feminisms, Central, Eastern, and South Eastern Europe, 19th and 20th Centuries. Edited and with an Introduction by: Francisca de Haan, Krassimira Daskalova and Anna Loutfi. CEU PRESS, Hardcover 2006, Page 336-339.

3- Encyclopedia of Feminist Theories Door Lorraine Code Bijdrager Lorraine Code Gepubliceerd door Taylor & Francis, 2000, page 343.

4- TARİHTEN KADIN SESLERİ: Hazırlayan Yard.Doç.Dr. Serpil Çakır İstanbul Üniversitesi Siyasal Bilgiler Fakültesi. Petrol-İş Kadın Dergisi l Sayı 2 (Mart 2003).

5- وێنەی بەرگی رۆژنامەی (جیهانی ژنان) و هەندێك لە زانیارییەکانی لەم دوو ماڵپەڕە وەرگیراوە، ماڵپەڕی کتێبخانەی هونەر: (sanatkitabevi.com.tr) و ماڵپەڕی کتێبخانەی موعەلیم نووری: (muallimnurikutuphanesi.com).

6- هەواڵی سیمیناری دکتۆرە سەرپیل چاکر سەبارەت بە (ن. علوییە مەولان) لە رۆژی 28/5/2008 لە ماڵپەڕی (iskenderun.org) بلاوکراوەتەوە.

**دووەم: بۆ بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانی ژنان سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراون:**


1- زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ژنان لەلایەن خۆمەوە بینراون.

2- ڕێناس نەورۆزی: 100 ساڵ لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی 1898-1998 (ئامادەی چاپ).

3- ڕۆهات ئالاکۆم: ل کوردستانێ هێزەك نووە، ژنێن کورد، 1995، ستۆکهۆڵم.

4- عەبدوڵڵا زەنگەنە: ڕۆژنامەنووسی ئافرەتی کورد یان کەرستەی دۆڵمە...؟!!، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە: (10)ی پایز-زستانی 2003 هەولێر، لاپەڕە 58-92.

رێز و سوپاسی زۆرم پێشکەشی دایکی خۆشەویستم و هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە هاوکاری زۆریان کردووم لە دانانی ئەم بەرهەمە، بەرێزان: پەروین ئەکرەم جەمیل پاشا، سەفراز نەقشبەندی، مەهاباد مەحمود، رەنگین ئامێدی، روئیا تلوعی، ستارە عارف، شەمزین جیهانی. بەڕێوەبەر و کارمەندانی پەیمانگی نێودەوڵەتی بۆ مێژووی کۆمەڵایەتی لە وڵاتی هۆڵەندا.